# زمان و وێژەی کوردی

## پۆلی/ حەوتەمی بنەڕەتی

هەواڵنامەی کێتێر

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**مامۆستا ڕێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایکبووی** 1975

**گەڕەکی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

**بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**کاری ئێستای/ مامۆستای قۆناغی ئامادەییە لە شاری سلێمانی**

هەوالنامەی کتێب

**کەناڵی تایبەتی لە (youtube) بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم کەناڵە تایبەتەوە، کۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشکەش بە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد کردووە، لەسەر بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد.**

تێبینی/ ئامادەکار ئەم بابەتەی لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی (حەوتەمی بنەڕەتی)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

# بەشی ڕێزمـــــان

یەکەم/ کەرەستەکانی زمان ........ 2
دووەم/ دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە ........ 4
سێیەم/شێوەکانی وشە ........ 7
چوارەم/ برگەکانی وشە ( پەیڤ ) ........ 11
پێنجەم/ جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ ........ 14
شەشەم/ جۆرەکانی ڕستە (ڕستە بە پێی ناوەڕۆك) ........ 16
حەوتەم/ ڕستەی ڕاگەیاندن (A-ڕستەی ئەرێ، B-ڕستەی نەرێ) ........ 18
هەشتەم/ ڕستەی پرس ........ 20
نۆیەم/ ڕستەی سەرسوڕمان ........ 22
دەیەم/ بنچینەکانی ڕستە ((A-بکەر (کاری تەواو)، B-نیهاد (کاری ناتەواو)) ........ 24
یازدەیەم/ کـــار (A- کاری تەواو. B- کاری ناتەواو) ........ 26
دوازدەیەم/ دیارخەری ناو - تەواوکەری کار ........ 29
سیازدەیەم/ نـــــاو ........ 32
چواردەیەم/ جۆرەکانی ناو
A-ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ((ناوی تایبەتی،ناوی گشتی، ناوی کۆمەڵ)) ........ 34
B-ناو لە ڕووی هەبوونەوە ((ناوی بەرجەستە ، ناوی واتایی)) ........ 37
پازدەیەم/ ئەرکی ناو لە ڕستەدا ........ 40
شازدەیەم/ جێنـــــاو
A-جێناوی کەسی سەربەخۆ (شێوەزاری کرمانجی خواروو) ........ 42
B- جێناوی کەسی سەربەخۆ (شێوەزاری کرمانجی ژووروو کۆمەڵەی یەکەم) ........ 44
C- جێناوی کەسی سەربەخۆ(شێوەزاری کرمانجی ژووروو کۆمەڵەی دووەم) ........ 47
حەڤدەیەم/ چاوگ ........ 49
هەژدەیەم/ کار لە ڕووی دەمەوە (کاتەوە)
A -کاری ڕابردوو (نهۆ) (بوری) ........ 51
B-کاری ڕانەبردوو ........ 54
C-کاری داخوازی ........ 57

# کەرەستەکانی زمـــــــان

**هەموو زمانێك كەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە، زمانی كوردیی ئەم كەرەستانەی هەیە:**

**كەرەستەكانی زمانی كوردی لە بچوكەوە بۆ گەورە:**

| ژ | كەرەستەكانی زمان | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | پیت | ز، ی، ر، ە، ك |
| 2 | بڕگە | زی، رەك |
| 3 | وشە | زیرەك |
| 4 | گرێ | خوێندكاری زیرەك |
| 5 | ڕستە | خوێندكاری زیرەك لە كۆمەڵگەی پەروەردەیی دەخوێنێت. |

**كەرەستەكانی زمانی كوردی لە گەورەوە بۆ بچوك:**

| ژ | كەرەستەكانی زمان | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | ڕستە | ئاوی كانی خاوێنە. |
| 2 | گرێ | ئاوی كانی |
| 3 | وشە | كانی |
| 4 | بڕگە | كا، نی |
| 5 | پیت | ك، ا، ن، ی |

**چەند سە نجێك لەسەر كەرەستەكانی زمانی كوردی:**

| ژ | كەرەستە | پێناسە | نموونە |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕستە | چەند وشەیەكە پێكەوە واتای تەواو دەبەخشێت. | كوردستان وڵاتی كوردانە. |
| 2 | گرێ | لە دوو وشە یان زیاتر پێكدێت، بەپێی ئەم یاسایە<br>(دیارخراو + (ی) + خستەسەر + دیارخەر)= گرێی ناوی | هەناری ترش |
| 3 | وشە | لە برگەیەك یان زیاتر پێكدێت. | بڕیار |
| 4 | بڕگە | لە دوو پیت یان زیاتر پێكدێت، مەرجە پیتێكی بزوێنی تێدابێت. | دە، سەر |
| 5 | پیت | بچووكترین كەرەسەی زمانە، پیت وێنەی دەنگە. | ك، و، ر، د |

هەوراز ئەمەی کتێب

ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 6، ((گرێ، پیت، وشە، ڕستە، بڕگە)).

یەکەم/ ئەم کەرەستانە لە بچووکترین کەرەستەوە بۆ گەورەترین کەرەستە ڕیزبکە؟

وەڵام/ پیت، بڕگە، وشە، گرێ، ڕستە

دووەم/ (بچووکترین کەرەستە)ی زمان چییە؟

وەڵام/ پیت

سێیەم/ لە (پیت) گەورەتر چییە؟

وەڵام/ بڕگە

چوارەم/ لە (بڕگە) گەورەتر چییە؟

وەڵام/ وشە

پێنجەم/ دوو وشە بە هۆی ئامرازی خستنەسەری (ی)یەوە بدرێنە پاڵ یەکدی، چی دروستدەبێت؟

وەڵام/ گرێ

شەشەم/ (گەورەترین کەرەستە)ی زمان چییە؟

وەڵام/ ڕستە

حەوتەم/ ئەمجارە کەرەستەکانی زمان، لە گەورەترین کەرەستەوە بۆ بچووکترین کەرەستە ڕیزبکە؟

وەڵام/ ڕستە، گرێ، وشە، بڕگە، پیت

هەواڵنامەی کتێب

# دەنگەكانی زمان و پیتەكانی وشە

**دەنگ:** بچووكترین دانەی ئاخاوتنە، كە لە دەم دێتەدەر.

**پیت:** ئەو هێما تایبەتانەن كە بۆ هەریەكێك لە دەنگەكانی ئاخاوتنی مرۆڤ دانراوە. (پیتەكان وێنەی دەنگەكانن).

| ژ | نموونە |
|---|---|
| 1 | داری ئازادی بە خوێن ئاو دەدرێ. |
| 2 | سیروان ڕووبارێكی كوردستانە. |
| 3 | برا لە پشت برابێت، مەگەر قەزا لە لای خودا بێت. |
| 4 | كۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن گەش ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش |

**پیتەكانی زمانی كوردی بۆ دەنگی ( بزوێن و نەبزوێن ) دابەشدەبێت:**

| ژ | دەنگ | پێناسە | پیت |
|---|---|---|---|
| 1 | دەنگە نەبزوێن | ئەو دەنگانەیە كە دەربڕینیان گرانە، بە یارمەتی پیتە بزوێنەكان لە دەم دێنەدەر. ژمارەیان (29) پیتە. | ئـ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، و، ی. |
| 2 | دەنگە بزوێن | ئەو دەنگانە دەگرێتەوە كە بە ئاسانی لەدەم دێتەدەر، یارمەتی دەنگە نەبزوێنەكان دەدەن كە بە ئاسانی بە بێنە گوتن. | A-دەنگە بزوێنە كورتەكان: ( ە، و، ی،i )<br>B- دەنگە بزوێنە درێژەكان: ( ا، ۆ،وو، ێ ) |

**لە زمانی كوردیدا، پیتی بزوێنی بزرۆكە ( i ) هەیە، لە ڕێنووسی نووسینی كوردی بە پیتی عەرەبی ( سامی )، دەرناكەوێت، بەڵام لە ڕێنووسی كوردی بە پیتی لاتینی دەردەكەوێت:**

| ژ | ڕێنووسی عەرەبی | ڕێنووسی لاتینی |
|---|---|---|
| 1 | دڵ | Dil |
| 2 | من | Min |
| 3 | ژن | Jin |
| 4 | مل | Mil |
| 5 | كچ | Kic |
| 6 | شل | Sil |

**بۆ جیاکردنەوەی دەنگی (و – ی) بزوێن و نەبزوێن لەیەکتر، ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکەین:**

| ژ | جیاکردنەوەی دەنگی (و ، ی) بزوێن و نەبزوێن لەیەکتر | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | پیتی (و، ی)ی بزوێن، هەرگیز لە سەرەتای برگە و وشەوە نایەن. ئەگەر بێت نەبزوێنە. | وەرزش، وازی، والآ، یاری |
| 2 | هەر کاتێك لە پێش یان لە پاش (و، ی)، پیتی بزوێن هەبێت، ئەوا (و، ی) دەبنە نەبزوێن. | سێو، شێو، لاولاو، تاوتاو |
| 3 | هەر کاتێك لە پێش یان لە پاش (و، ی)، پیتی نەبزوێن هەبێت، ئەوا (و، ی) دەبنە بزوێن. | کورد، دەستگوشین، کەف، دەست |
| 4 | لە زمانی کوردیدا، هەرگیز دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکتردا نایەن. | ـــــ ـــــ ـــــ |

**تێبینی/ پێویستە هەموو برگەیەك، یەك پیتی بزوێنی تێدابێت. نموونە: دەم، سەر، چاو**

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 12، پیتە (بزوێن و نەبزوێن)ەکان لەم وشانە دەربهێنە:**

| ژ | وشە | پیتی بزوێن | پیتی نەبزوێن |
|---|---|---|---|
| 1 | گەلآ | ە ، ا | گ ، ڵ |
| 2 | کەیبانوو | ە، ا، وو | ك، ی، ب، ن |
| 3 | بەڕوو | ە، وو | ب، ڕ |
| 4 | کارێز | ا، ێ | ك، ر، ز |
| 5 | دۆ | ۆ | د |
| 6 | گڵەزەردە | ە، ە، ە | گ، ڵ، ز، ر، د |
| 7 | هەنگ | ە | هـ، ر، د |
| 8 | کورد | و | ك، ر، د |
| 9 | گەنم | ە، i | گ، ن، م |
| 10 | کەروێشك | ە، ێ، i | ك، ر، و، ش، ك |
| 11 | کەوچك | ە، i | ك، و، چ، ك |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 12، ژمارەی پیتە بزوێنەکان چەندە؟ بیانووسە و بۆ هەریەکەیان دوو وشەی جیاواز بنووسە:**

| ژ | بزوێنی کورت | نموونە | بزوێنی درێژ | نموونە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ە | کەف، دەف | ا | لاولاو، ئاڵا |
| 2 | و | کورد، کوردستان | ۆ | دۆ، بۆسە |
| 3 | ی | سی، بی | وو | کووڕ، دوور |
| 4 | i | مـ i ـن، گـ i ـڵ | ێ | سێو، دێو |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 12، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:**

یەکەم/ ئایا دەگونجێت پیتی بزوێن بکەوێتە سەرەتای بڕگە و وشەوە؟

وەڵام/ناگونجێت، پیتی بزوێن بکەوێتە سەرەتای وشە و بڕگەوە. ئەگەر هات، ئەوە بزوێنە.

دووەم/ ئایا لە زمانی کوردیدا دەگونجێت، دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکتردابێن؟

وەڵام/ ناگونجێت دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکتردا بێن.

سێیەم/ جیاوازی لە نێوان پیتی (یـ) سەرەتای وشەی (یاری) و پیتی (یـ) لە وشەی (میر)دا چییە؟

وەڵا/ پیتی (یـ) سەرەتای وشەی (یاری)، (نەبزوێن)ە، چونکە پیتی بزوێن لەسەرەتای وشەوە نایەت.

پیتی (یـ) لە وشەی (میر)دا، (بزوێن)ە، چونکە پیتی نەبزوێن لە پێش و پاشییەوە هاتووە.

چوارەم/ پیتی (و) لە دوو وشەدا بهێنەرەوە، بەمەرجێك جارێك بزوێن جارێك نەبزوێن بێت؟

وەڵام/ پیتی (و) بزوێن بێت: نموونە/ گوڵ، کورد. پیتی (و) نەبزوێن بێت: نموونە/ سێو، خێو

هەواڵنامەی کتێب

# شێوەکـــانی وشە

لە زمانی کوردیدا، وشە (لەڕووی شێوەوە) دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**یەکەم/ وشەی سادە:** ئەو وشەیەیە کە لە لێکدانی چەند پیتێك پێکهاتووە، بە شێوەیەکی تایبەتی خراونەتە پاڵ یەکتر، شێوەیەکی سادە و ساکار و واتایەکی تەواوی هەیە. نموونە: (کورد، داس، ڕەش، ڕۆژ، دەم، ئاسن، چاو، دڵ، کردن، دار، خست...)

**دووەم/ وشەی ناسادە:**

A-**وشەی داڕێژراو:** ئەو وشەیەیە کە تەنیا لەیەك وشەی سادەی واتادار و زیادەیەك (پێشگر یان پاشگر) پێکهاتووە، واتایەکی نوێ بۆ مەبەستێکی نوێ پێکهاتووە.

**یاسا/ پاشگر + وشەی سادە = وشەی داڕێژراو**

| ژ | پێشگر + وشەی سادە | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|
| 1 | هەڵ + کردن | هەڵکردن |
| 2 | دا + خستن | داخستن |
| 3 | ڕا + کردن | ڕاکردن |
| 4 | بە + دڵ | بەدڵ |
| 5 | بە + ڕۆژ | بەڕۆژ |

**یاسا/ وشەی سادە + پاشگر = وشەی داڕێژراو**

| ژ | وشەی سادە + پێشگر | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|
| 1 | کورد + ستان | کوردستان |
| 2 | داس + ولکە | داسولکە |
| 3 | ڕەش + کە | ڕەشکە |
| 4 | ئاسن + گەر | ئاسنگەر |
| 5 | چاو + یلکە | چاویلکە |
| 6 | دار + ەوان | دارەوان |
| 7 | کردن + ەوە | کردنەوە |

**یاسا/ پێشگر + وشەی سادە + پاشگر = وشەی داڕێژراو**

| ژ | پێشگر + وشەی سادە + پاشگر | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|
| 1 | هەڵ + کردن + ەوە | هەڵکردنەوە |

B- **وشەی لێکدراو**: ئەو بێژەیەیە کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە، واتای نوێ بۆ مەبەستێکی نوێ دروستکردووە. **یاسا/ وشەی سادە + وشەی سادە = وشەی لێکدراو**

| ژ | وشەی سادە + وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | کورد + زمان، تەور + داس | کوردزمان، تەورداس |
| 2 | ڕەش + ماڵ، ڕۆژ + هەڵات | ڕەشماڵ، ڕۆژهەڵات |
| 3 | سەر + ئاسن، چاو + کاڵ | سەرئاسن، چاوکاڵ |
| 4 | دڵ + خۆش، دار + گوێز | دڵخۆش، دارگوێز |
| 5 | دروست + کردن | دروستکردن |

**یاسا/ وشەی سادە + ئامراز + وشەی سادە = وشەی لێکدراو**

| ژ | وشەی سادە + ئامراز + وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | گوڵ + بە + دەم | گوڵبەدەم |
| 2 | هەور + ە + بروسکە | هەورەبرووسکە |

**یاسا/ وشەی سادە + وشەی داڕێژراو = وشەی لێکدراو**

| ژ | وشەی سادە + وشەی داڕێژراو | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | ڕێک + خستنەوە | ڕێکخستنەوە |
| 2 | چاک + کردنەوە | چاککردنەوە |
| 3 | گوڵ + بەدەم | گوڵبەدەم |

**یاسا/ وشەی داڕێژراو + وشەی سادە = وشەی لێکدراو**

| ژ | وشەی داڕێژراو + وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| 1 | بەدەست + خستن | بەدەست خستن |
| 2 | لەسەر + کردن | لەسەرکردن |

## ڕاهێنانی یەکەم، لاپەرشەی 18، ئەم وشانەی خوارەوە چ جۆرێکن؟ دیاریان بکە؟

| ژ | وشە | جۆری وشە | ژ | وشە | جۆری وشە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەورەبروسکە | لێکدراو | 6 | مانگ | سادە |
| 2 | بردنەوە | دارِێژراو | 7 | کوێستان | دارێژراو |
| 3 | مەلەوان | دارێژراو | 8 | نانەوا | دارێژراو |
| 4 | قژزەرد | لێکدراو | 9 | داگرتن | دارێژراو |
| 5 | قرژاڵ | دارێژراو | | | |

## ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 18، لە هەریەکێك لەم پێشگر و پاشگرانە، سێ وشەی دارێژراو درووستبکە:

| ژ | پێشگر یان پاشگر | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | ەوە | خوێندنەوە، کردنەوە، گرتنەوە |
| 2 | هەڵ | هەلگرتن، هەڵبڕین، هەڵخستن |
| 3 | ستان | کوردستان، دارستان، هندستان |
| 4 | ڕا | ڕاکردن، ڕامالّین، ڕاگرتن |
| 5 | بە | بەدڵ، بەگیان، بەتام |
| 6 | دا | داچوون، دابڕان، داهێنان |
| 7 | ڤە | ڤەکر، ڤەچوو، ڤەمراند |
| 8 | ڤان | دارەڤان، هۆزانڤان، خوێندڤان |

## ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 18، لەهەر یەکێك لەم وشە سادانەی خوارەوەدا، وشەی لێکدراو دروستبکە و لە ڕستەدا بەکاری بهێنە:

| ژ | وشەی سادە | وشەی لێکدراو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | گوڵ | گوڵ بە بەدەم | خەیاری گوڵبەدەم ناسکە. |
| 2 | کانی | کانی پانکە | کانی پانکە شوێنێکی گەشتیارییە. |
| 3 | گەڵا | گەڵارێزان | پایز وەرزی گەڵارێزانە. |
| 4 | بەرد | بەردە هەسان | بەردە هەسان بۆ چەقۆ تیژکردنەوە باشە. |
| 5 | هەمێ | هەرمێ لاسوورە | هەرمێ لاسوورە تامی خۆشە. |
| 6 | تەور | تەورداس | تەورداس بۆ بڕینی دار باشە. |
| 7 | سپی | سپی پێست | مرۆڤی سپی پێست جوانە. |

## ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 18،

**یەکەم/ وشەی سادە چییە، بەنموونە ڕوونی بکەرەوە؟**

وەڵام/ **وشەی سادە:** ئەو وشەیەیە کە لە لێکدانی چەند پیتێك پێکهاتووە، بە شێوەیەکی تایبەتی خراونەتە پاڵ یەکتر، شێوەیەکی سادە و ساکار و واتایەکی تەواوی هەیە. نموونە: (کورد، داس، ڕەش، ڕۆژ، دەم، ئاسن، چاو، دڵ، کردن، دار....).

**دووەم/ جیاوازی لە نێوان وشەی داڕێژراو و وشەی لێکدراودا چییە. بە نموونە ڕوونی بکەرەوە:**

وەڵام/ **وشەی داڕێژراو:** ئەو وشەیەیە کە تەنیا لەیەك وشەی سادەی واتادار و زیادەیەك (پێشگر یان پاشگر) پێکهاتووە، واتایەکی نوێ بۆ مەبەستێکی نوێ پێکهاتووە. نموونە: هەڵگرت.

**وشەی لێکدراو**: ئەو وشەیەیە کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە، واتای نوێ بۆ مەبەستێکی نوێ درووستکردووە.

نموونە: هەرمێ لاسوورە.

## ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی19، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

| ژ | جۆی وشە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | وشەیەکی لێکدراوە | باخ، باخەوان، باخچە، گوڵەباخ |
| 2 | وشەیەکی سادەیە | چاوکاڵ، چاو، چاویلکە، چاوپۆش |
| 3 | وشەیەکی داڕێژراوە | جەرگ، جگەرخوێن، بەجەرگ، جەرگ سووتاو |
| 4 | وشەیەکی سادەیە | ڕاکردن، کردنەوە، چاپکردن، کردن |
| 5 | وشەیەکی لێکدراوە | ڕاهێنان، هێنان، بەرهەم هێنان، داهێنان |
| 6 | وشەیەکی داڕێژراوە | دەنگ، دەنگەدەنگ، دەنگدار، دەنگ و باس |

هەوارانەی پێنج

# بڕگەکانی وشە ( پەیڤ )

**بڕگە/** بریتییە لە چەند دەنگێك كە بە یەكجار لە دەم دێتەدەر، لە پیتێكی نەبزوێن یان زیاتر لەگەڵ پیتێكی بزوێن پێكدێ.

نموونەی خستنەڕوو:

| ژ | ڕستە | بڕگە |
|---|---|---|
| 1 | ئاوی كانی سازگارە. | ئا - وی - كا - نی - ساز - گا - رە. |
| 2 | مرۆڤ ب كاری شرینە. | مi - ڕۆڤ - ب - كا - ری - شi - ری - نە. |
| 3 | قەراج دەشتێكی پان و بەرین و بەپیتە. | قە- ڕاج- دەش- تێ- كی- پا- ن و -بە- ری- ن و -بە- پی- تە. |
| 4 | هەڤاڵێ من نەهاتییە. | هە - ڤا - ڵێ - من - نە - ها - تی - یە. |
| 5 | ئاشتی هیوای گەلانە. | ئاش - تی - هی - وای - گە - لا - نە. |
| 6 | بێكەس شاعیرەكێ بناڤ و دەنگە. | بێ - كەس - شا - عی - رە - كێ - ب - نا - ڤ و- دەن - گە. |
| 7 | دەستپاكی ڕەوشتێكی باشە. | دەست - پا - كی - ڕە - وش - تێ - كی - با - شە. |

**دوو جۆر بڕگە هەیە:**

**یەكەم/ بڕگەی كورت:** لە پیتێكی نەبزوێن و پیتێكی بزوێنی كورت پێكدێت.

**یاسا/** پیتێكی نەبزوێن + پیتێكی بزوێنی كورت (ە، و، ی، i) = بڕگەی كورت

| ژ | پیتێكی نەبزوێن | پیتێكی بزوێنی كورت | بڕگەی كورت |
|---|---|---|---|
| 1 | ن | ە | نە |
| 2 | ف | و | فو |
| 3 | ب | ی | بی |
| 4 | چ | i | چi |

**دووەم/ بڕگەی درێژ:** لە پیتێكی نەبزوێن پیتێكی بزوێنی درێژ یا لە (دوو یان سێ)پیتی نەبزوێن و پیتێكی بزوێنی كورت یان درێژ پێكدێت.

A-پیتێكی نەبزوێن + پیتێكی بزوێنی درێژ (ا، ۆ ، وو، ێ) = بڕگەی درێژ

| ژ | پیتێكی نەبزوێن | پیتێكی بزوێنی درێژ | بڕگەی درێژ |
|---|---|---|---|
| 1 | د | ا | دا |
| 2 | د | ۆ | دۆ |
| 3 | د | وو | دوو |
| 4 | د | ێ | دێ |

B- پیتێکی نەبزوێن + پیتێکی بزوێنی درێژ یان کورت + پیتێکی نەبزوێن = بڕگەی درێژ

| ژ | پیتێکی نەبزوێن | پیتێکی بزوێنی | پیتێکی نەبزوێن | بڕگەی درێژ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئـ | ا (بزوێنی درێژ) | و | ئاو |
| 2 | ك | ە (بزوێنی کورت) | ف | کەف |

C- پیتێکی نەبزوێن + پیتێکی بزوێنی درێژ یان کورت + پیتێکی نەبزوێن + پیتێکی نەبزوێن = بڕگەی درێژ

| ژ | پیتێکی نەبزوێن | پیتێکی بزوێنی | پیتێکی نەبزوێن | پیتێکی نەبزوێن | بڕگەی درێژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د | ە (بزوێنی کورت) | س | ت | دەست |
| 2 | م | ا (بزوێنی درێژ) | س | ت | ماست |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 22، ئەم ووشانەی خوارەوە بڕگەبڕگە بکە، بزانە هەر وشەیەك لە چەند بڕگە پێکهاتووە، چەندیان کورتن و چەندیان درێژن:**

| ژ | وشە | بڕگە | بڕگەی کورت | بڕگەی درێژ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوینە هەوار | ها، وی، نە، هە، وار | وی، نە، هە | ها، وار |
| 2 | بابلیسك | با، بi، لیـ، سك | بi | با، لیـ، سك |
| 3 | گوڵزار | گوڵ، زار | ــــــــــــ | گوڵ، زار |
| 4 | مرۆڤ | م i، رۆڤ | م i | رۆڤ |
| 5 | دڵ | دiڵ | ــــــــــــ | دiڵ |
| 6 | پێشمەرگە | پێش، مەر، گە | گە | پێش، مەر |
| 7 | گۆڤەند | گۆ، ڤەند | ــــــــــــ | گۆ، ڤەند |
| 8 | چاو پێکەوتن | چاو، پێ، کەو، ت i ن | ــــــــــــ | چاو، پێ، کەو، ت i ن |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 22، پێنج وشە بهێنە، بەمەرجێك هەر یەکەیان لە سێ بڕگە پێکهاتبێت، لە ڕستەیا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | سەرچنار | سەرچنار هاوینەهەوارێکی خۆشە. |
| 2 | دەستگرتن | دەستگرتنی مرۆڤ لە تەنگانەدا پێویستە. |
| 3 | کوردستان | کوردستان وڵاتی کوردانە. |
| 4 | سەرچاوە | سەرچاوەی ئاوەکە ڕوونە. |
| 5 | پەرلەمان | پەرلەمان توانای دەرکردنی یاسای هەیە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 22، ئەم دێڕە هۆنراوانەی خوارەوە بڕگە بڕگە بکە، بزانە هەر نیوەدێڕێك چەند بڕگەیە :**

| ژ | ڕستە | بڕگە | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| 1 | مەلی سەر پنچك پـــەلوپۆ ڕەنگین خۆمـــن هـەلۆ نیم<br>لێم مەفڕن جووت جووت مەترسن ئاخر پێتان بلێم چیم | مە-لی سەر- پن-چك- پـــە-لو-پۆ- ڕەن-گین-خۆ-مـــن- هـە-لۆ- نیم<br>لێم-مەف-ڕن-جووت-جووت-مە-تر-سن —ئا-خر-پێ-تان-ب-لێم- چیم | 15<br>15 |
| 2 | سەوزە گیا پاراو گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ<br>درەخت تازە شین سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا چرۆ | سەو- زە — گیا — پا-راو- گو-ڵ و- گو-ڵا-ڵە- مەس-تی ڕەن- گ و —بۆ<br>د- رە- خت- تا- زە- شین- سەر- لق- ڕا- زا- وەی - گوڵ- گە -ڵا-چ — رۆ | 16<br>16 |
| 3 | ڕۆژا میر و خورتا هەڵات<br>هاتن ژ هەواری تـــە وەلات | ڕۆ - ژا — می - ر و — خا ، ور- تا — هە - ڵات<br>ها — تین - ژ- هە — وا- رێ- تـــە- وە — لات | 8<br>9 |
| 4 | دوو لێڤێن تە کتێبا حاجی قادر<br>زمانێ تە ژ بەندا شێخی خـــانی | دوو- لێ- ڤێن- تە- ك —تێ- با — حا- جی — قا-در<br>ز- ما- نێ -تە -ژ — بەن- دا — شێ- خی- خـــا-نی | 11<br>11 |
| 5 | گوڵ چون ڕووی ئازیز نـــەزاکەت پۆشان<br>وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان | گوڵ- چون —ڕووی- ئا-زیز- نـــە- زا- کەت- پۆ-شـــان<br>وە- فرا- وان- چوون- سەیل- دی- دەی - من — جۆ- شان | 10<br>10 |

هەوالنامەی کتێب

# جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ

**گرێ:** کۆمەڵە وشەیەکە پەیوەندیان بەسەریەکەوە هەیە، بەڵام واتا و بیرێکی تەواو نادەن بەدەستەوە، چونکە کاری تێدانییە.

**رستە :** کۆمەڵە وشەیەکە پەیوەندیان بەسەریەکەوە هەیە، واتا و بیرێکی تەواو دەدەن بەدەستەوە، چونکە کاری تێدایە، بە هێما کۆتایی دێت.

| ژ | گرێ | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | باژێڕی دهۆك | من لە باژێڕی دهۆك دەژیم. |
| 2 | ئاوی کانی | ئاوی کانی ساردە. |
| 3 | بەفری شاخەکان | بەفری شاخەکان لە بەهاردا دەتوێتەوە. |
| 4 | پێشمەرگەی بە جەرگ | پێشمەرگەی بەجەرگ وڵات دەپارێزێت. |
| 5 | خوینا شەهیدان | ئەم ئازادییە بەرهەمی خوینا شەهیدانە. |
| 6 | پەرلەمانی کوردستان | ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کاردەکەین. |

## جیاوازی نێوان گرێ و ڕستە

| ژ | گرێ | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | واتا و بیری تەواو نابەخشی. | واتا و بیری تەواو دەبەخشی. |
| 2 | بە هیچ هێمایەك کۆتایی نایەت | بە یەکێ لەم هێمایانە کۆتایی دێت ( . ، ؟ ! ) |
| 3 | کاری تێدانییە | کاری تێدایە. |

## یاسای گرێی ناوی:

**یەکەم/ گرێی ناوی لە شێوەزاری کرمانجی خواروو: ناو (دیارخراو) + ی (خستنەسەر) + ناو دیارخەر = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) + ی (خستنەسەر) + ناو دیارخەر = گرێی ناوی | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | باژێڕ + ی + دهۆك | باژێری دهۆك |

**دووەم/ گرێی ناوی لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو: ناو (دیارخراو) + ا ، ێ (خستنەسەر) + ناو دیارخەر = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) + ا ، ێ (خستنەسەر) + ناو دیارخەر = گرێی ناوی | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | خوێن + ا + شەهیدان | خوێنا شەهیدان |
| 2 | برای + ێ + کاوە | برایێ کاوە |

تێبینی: ئامرازی خستنەسەر (ا) بۆ تاکی مێ، (ێ) بۆ تاکی نێری، (ێد، ێن، ێت) بۆ کۆی نێر و مێ.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 25، لەمانەی خوارەوە، ڕستە و گرێ لەیەك جیابکەرەوە:**

| ژ | نموونە | جۆر |
|---|---|---|
| 1 | باوکی ئازاد مامۆستایە. | ڕستە |
| 2 | هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێت. | ڕستە |
| 3 | ئەوی شارەزا | گرێ |
| 4 | هەلگورد چیایەکی بەرزە. | ڕستە |
| 5 | هاوینەهەواری سەرچنار | گرێ |
| 6 | زەوی باش بەرهەمی باشی دەبێت. | ڕستە |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 25، پێنج گرێ درووستبکە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | گرێ | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | خوێندکاری زیرەك | خوێندکاری زیرەك لە کۆمەڵگەی پەروەردەیی دەخوێنێت. |
| 2 | هەناری ترش | هەناری ترش خۆشە. |
| 3 | ئاوی سازگار | ئاوی سازگار لە ژێر زەویدا هەیە. |
| 4 | مامۆستای بەتوانا | خوێندکار کەڵك لە مامۆستای بەتوانا دەبینێت. |
| 5 | پیاوی ئیشکەر | پیاوی ئیشکەر قەت دەست کورت نابێت. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 25، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | نموونە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | قەڵای هەولێر | وشە، گرێ، ڕستە |
| 2 | پێشمەرگەکان سەرکەوتن. | وشە، گرێ، ڕستە |
| 3 | دڵشاد | وشە، گرێ، ڕستە |
| 4 | خانووی خۆش | وشە، گرێ، ڕستە |
| 5 | بابێ سەردار ڕەزەڤانە. | وشە، گرێ، ڕستە |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 26، لەم وشانە گرێ درووستبکە و پاشان بیانخە ڕستەوە:**

| ژ | وشە | گرێ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | هەورامان | گوێزی هەورامان | گوێزی هەورامان ناسکە. |
| 2 | نێرگز | دیمەنی نێرگزەجار | دیمەنی نێرگزەجار جوانە. |
| 3 | کتێبخانە | کتێبخانەی سلێمانی | گۆڤارەکەم لە کتێبخانەی سلێمانی وەرگرت. |
| 4 | ئامێدی | شاری ئامێدی | شاری ئامێدی پایتەختی هاوینەی دەوڵەتی ماد بووە. |

# جۆرەکانی ڕستە (ڕستە بە پێی ناوەڕۆك)

**ڕستە بە پێی ناوەڕۆك سێ جۆرە:**

| ژ | ڕستە بە پێی ناوەڕۆك | نموونەی ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕستەی ڕاگەیاندن | ئاو لە سفر پلەی سەدیدا دەیبەستێ. |
| 2 | ڕستەی پرس | کەی دەچیت بۆ خوێندنگە ؟ |
| 3 | ڕستەی سەرسوڕمان | ئای، ئەوە لێرەیت ! |

## ڕستەی ڕاگەیاندن

**ڕستەی ڕاگەیاندن**: کۆمەڵە پەیڤێکە بە شێوەیەکی تایبەت ڕیزدەکرێن، هەموویان بەسەرییەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن، کە تەواوبوو خاڵ دادانرێت، ئینجا ئەگەر واتای ڕستەکە ڕووداوێکی دروستی نەگۆڕ یا ڕووداوێکی دیاری تیا بەدیبکرێت، وەك هەواڵێك ڕەنگە ڕاستبێت یان ڕاست نەبێت، پێیدەگوترێت: (ڕستەی ڕاگەیاندن).

| ژ | ڕستەی ڕاگەیاندن | |
|---|---|---|
| 1 | زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە. | (ڕاستی نەگۆڕ) |
| 2 | ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت. | (ڕاستی نەگۆڕ) |
| 3 | ئاڤا گۆزکی تەزی بوو. | (دیاریدەی تایبەت) |
| 4 | برایێ کاوەی بەیەکەم دەرچوو. | (شتی دیاریکراو) |

**ناوەرۆکی واتایی ڕستەی ڕاگەیاندن دەکرێ بەم بەشانەوە:**

| ژ | ناوەڕۆکی واتایی ڕستەی ڕاگەیاندن | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | ڕاستی نەگۆڕ | ئاو لە سەد پلەی سەدیدا دەکولێ. |
| 2 | دووان لە دیاریدەیەکی تایبەتی | داربەڕوو لە کوردستان شین دەبێت. |
| 3 | دووان لە شتێکی دیاریکراو | دووکانەکەم کڕی. |

کتێب هەواڵنامە

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 28، ئەم ڕستانەی خوارەوە چی پیشاندەدات بینووسە :**

| ژ | ڕستە | مەبەست |
|---|---|---|
| 1 | بە بازووی کرێکاران کارگە و پرۆژەی گەورە گەورە دادەمەزرێت. | ڕاستی نەگۆڕ. |
| 2 | مرۆڤ هەندێك بەرد و خۆڵی هەیڤی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ زەوی. | لە شتێکی دیاریکراو دەدوێ. |
| 3 | پەیکەری بابل نیشانەی هێز و دەسەڵاتی بابلییەکانە. | لە دیاریدەیەکی تایبەتی دەدوێ. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 29، لەم وشانەی خوارەوە ڕستە درووستبکە :**

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | نازاوزێ، دەکات، میکرۆب، زیاد، بە | میکرۆب بە نازاوزێ زیاد دەکات. |
| 2 | ڕادوێ، بگرە،لە،گوێ، تەنیشتمەوە، وەرە، دابنیشە، لە | وەرە لە تەنیشتمەوە دابنیشە گوێ لە ڕادوێ بگرە. |
| 3 | هەڵبەستی، ئەحمەدی خانی، نەتەوایەتی، کوردە، لەسەر کێشی، میللەتی | هەڵبەستی نەتەوایەتی ئەحمەدی خانی لەسەر کێشەی میللەتی کوردە. |
| 4 | بیرەوەریا، کوردییە، 22ی نیسانێ، ڕۆژنامە ڤانیا. | 22ی نیسانێ بیرەوەریا ڕۆژنامە ڤانیا کوردییە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 29، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە :**

**یەکەم/ گەڵای دارەکە هەڵوەری.**

**گەڵا:** ناوە، تاکە، گشتییە، دیارخراوە.

**ی:** ئامرازی خستنەسەر

**دارەکە:** ناوە، تاکە، ناسراوە، گشتییە، دیارخەرە.

**گەڵای دارەکە:** گرێی ناوییە، بکەرە.

**هەڵوەری:** کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، داڕێژراو، تێنەپەڕ.

**دووەم/ بەرف ل کوردستانێ دباری.**

**بەرف:** ناوە، تاکە، گشتییە، بکەرە.

**ل... ێ:** ئامرازی پەیوەندی.

**کوردستان:** ناوە، تاکە، تایبەتییە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

**دباری:** کاری ڕانەبردوو، بۆ دەمی ئێستا، سادە، تێنەپەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕستەی ڕاگەیاندن

A-**ڕستەی ئەرێ:** ئەو ڕستەیەیە کە ڕوودانی شتێك پیشاندەدات.

B-**ڕستەی نەرێ:** ئەو ڕستەیەیە کە ڕوونەدانی شتێك پیشاندەدات.

| ژ | ڕستەی ئەرێ | ڕستەی نەرێ |
|---|---|---|
| 1 | ئاوی ڕووبارەکە ووشك بوو. | ئاوی ڕووبارەکە ووشك نەبوو. |
| 2 | نەسرینێ ئاگ هەڵکر. | نەسرینێ ئاگ هەڵنەکر. |
| 3 | کاوە کتێبی ڕێزمان دەخوێنێتەوە. | کاوە کتێبی ڕێزمان ناخوێنێتەوە. |
| 4 | ئەفرۆ ئاڤدەل دێ چیتە زاخۆ. | ئەفرۆ ئاڤدەل ناچیتە زاخۆ. |
| 5 | ماستێ هەولێرێ ترشە. | ماستێ هەولێرێ ترشنییە. (ترشنینە) |

**ڕێگاکانی نەرێ کردن لە زمانی کوردیدا:**

| ژ | دەمەکانی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت. | نەوزاد نەچوو بۆ پاریگا. |
| 2 | کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت. | ئاراس ناچێت بۆ خوێندنگا. |
| 3 | کاری داخوازی بە ئامرازی (مە) نەرێ دەکرێت. | خواردن مەکرە. |
| 4 | کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا بە (نی) یان (نین) نەرێ دەکرێت. | ئاوەکەساردنییە. (ساردنینە) |

**کاری ناتەواو بەم شێوەیە نەرێ دەکرێت:**

| ژ | دەمەکانی کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کاری ڕابردووی (بوو)، بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت. | هاوژین نەبوو بە ئەندازیار. |
| 2 | کاری ڕانەبردوو (دەبێت)، بۆ کات ی داهاتوو بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت. | شوانە نابێت بە مامۆستا. |
| 4 | کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا بە (نی) یان (نین) نەرێ دەکرێت. | ئاوەکە ساردنییە. (ساردنینە) |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 34، ئەم ڕستانەی خوارەوە، (نە، نا، نی )یان بۆ دابنێ:**

| ژ | ڕستەی ئەرێ | ڕستەی نەرێ |
|---|---|---|
| 1 | کەلا ئامێدیێ بڵندە. | کەلا ئامێدیێ بڵندنینە. |
| 2 | کاکم دەچێت بۆ هەولێر. | کاکم ناچێت بۆ هەولێر. |
| 3 | دوێنێ میوانەکە هاتبوو. | دوێنێ میوانەکە نەهاتبوو. |
| 4 | ئەم ماستە ترشە. | ئەم ماستە ترشنیە. |
| 5 | ژوورەکەم خاوێن کردووە. | ژوورەکەم خاوێن نەکردووە. |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی دووەم، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ( نە، نا، نی، نین ) پڕبکەرەوە:**

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | قەدری مانگ ناگیرێت، تا نەگاتە شەو. |
| 2 | سوار تا نەگلێ، نابێت بە سوار. |
| 3 | دووربینی پەشیمانی لە شوێن نایە. |
| 4 | ئاگام لە کەس نییە. |
| 5 | سەرێ نا ئیشێت پێتقی دەرسوکێ نییە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 35، ئەم ڕستە ئەرێیانە بکە بە ڕستەی نەرێ:**

| ژ | ڕستەی نەرێ | ڕستەی ئەرێ |
|---|---|---|
| 1 | ئازاد لەماڵەوە نییە. | ئازاد لە ماڵەوە یە. |
| 2 | ئەز ل گەل وی نەبووم. | ئەز ل گەل وی بووم. |
| 3 | ئەمە ڕێگای کەرکوك نییە. | ئەمە ڕێگای کەرکوکە. |
| 4 | دوێنێ لێرە باران نەباری. | دوێنێ لێرە باران باری. |
| 5 | دلێر فراڤینێ ناخوت. | دلێر فراڤین دخات. |
| 6 | تۆ ئەم وانەیە باش نازانیت. | تۆ ئەم وانەیە باش دەزانیت. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 36، ئەم ئامرازانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە:**

| ژ | ئامرازی نەرێ | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | نە | پێرێ ئاو نەبوو. |
| 2 | نا | خوێندکارەکە ناچێت بۆ کتێبخانە. |
| 3 | نی | کاروان دکتۆر نییە. |
| 4 | نین | وان ل ماڵ نیینە. |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 36، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ئازاد نەچووە کەرکوك.**

**ئازاد**: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

**نە**: ئامرازی نەرێ

**چووە**: کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، نەرێ.

**بۆ**: ئامرازی پەیوەندی.

**کەرکوك**: ناوە، تاکە، تایبەتییە، تەواوکەری بەیاریدەیەی کاری تەواو.

**دووەم/ شنۆ لە خوێندن دواناکەوێت.**

**شنۆ**: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

**لە**: ئامرازی پەیوەندی.

**خوێندن**: چاوگە تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

**دواناکەوێت**: کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ، نەرێ

**نا**: ئامرازی نەرێ.

# ڕستەی پرس

**ڕستەی پرس**: بە هۆی ئاوازێکی تایبەتییەوە کە ڕستەی پێدەردەبڕدرێ، لە نووسینیشدا نیشانەی (؟) پرس دادەنرێت.

**نموونە : سیروان گەیشتە چی؟**

**ڕستەی پرس**: بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی پرسەوە (ئایا - ئەرێ) و نیشانەی پرس (؟) لەو ڕستانەدا کە پرسیار لە ناوەڕۆکی ڕستەکە دەکرێت. وەڵام بە وشەی (بەڵێ) لە باری ئەرێدا، هەروەها، (نەخێر)ە لە باری نەرێدا دەبێت.**نموونە : کێ چوو بۆ خوێندنگە؟**

| ژ | نموونە |
|---|---|
| 1 | ئایا منداڵە کە شیرەکەی خواردووە؟ |
| 2 | کەنگێ دچییە زاخۆیێ؟ |
| 3 | نەوت چۆن دەردەهێنرێ؟ |

**چەند سەرنجێك لەسەر ڕستەی پرس**

**یەکەم/** بەهۆی وشەی پرسی (ئایا - ئەرێ)، و (کام - کیژ) و دانانی نیشانەی(؟)، لەو ڕستانەدا کە پرسیار لە دەستنیشانکردنی شتێك لە ناو دووشت یان پترادا دەکرێت، وەڵام بە دەستنیشانکردنی شتە پرسراوەکە دەبێت.

**نموونە : ئایا هەنارەکەت کڕی یان هە نجیرەکە؟**

**وەڵام/ هە نجیرەکەم کڕی**.

**دووەم/** وشەی پرس وەڵامەکەی بە دەستنیشانکردنی مەبەستەکە دەبێت.

**سێیەم/** کۆتایی ڕستەی پرس، بە نیشانەی (؟) دەبێت.

**چوارەم/** قسەکەر لە ڕستەی پرسدا، چاوەڕێی وەڵامی گوێگرە.

**ئەو وشانەی کە بۆ پرسیارکردن بەکاردێن ئەمانەن:**

| ژ | وشەی پرس | مەبەستی پرس | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | کێ | بۆ کەس | کێ ڕۆشت؟ کێ کتێبەکەی خوێندەوە ؟ |
| 2 | چی - چ | بۆ شت | چ دەخۆیتەوە؟ ماسی بەچی ڕاو دەکرێ ؟ |
| 3 | کوێ - کیڤە | بۆ شوێن | لە کوێ بوویت ؟ تۆ لکیڤە بووی ؟ |
| 4 | کەی - کەنگێ | بۆ کات | کەی جوتیارەکە تۆو دەچێنێ ؟ کەنگێ دێ خوینی ؟ |
| 5 | چۆن — چاوان - چەوانیا | بۆ چۆنییەتی | نەوت چۆن دەردێ ؟ پەیمان چاوان چیرۆکێ دنڤیسیت؟ |
| 6 | چەند - چقاس | بۆ ژمارە و ئەندازە | زەوی بە چەند ڕۆژ بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە؟ تە چقارس پارە هەیە؟ |
| 7 | کام - کامە - کیژ - کیژك | شتێك لەناو چەند شتێك | لەم گوڵانە کامیان جوانە؟ کیژ قوتابی ژ هەمیان زیرەکترە؟ ژڤان ڕەنگان تە کیژك دڤێت؟ |

تێبینی/ هەموو ڕستەیەکی پرس، پێویستی بە وەڵام هەیە، وەڵامەکە یان بە(بەڵێ، نەخێر)ە، یان بە بەرستە.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 41، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە پەیڤێکی پرس پڕبکەرەوە:**

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | زمانی تۆ چی یە؟ |
| 2 | گەنم چۆن دهێتە چاندن؟ |
| 3 | کاروان لەگەڵ کێ چوو بۆ سەیران؟ |
| 4 | کەی ل کوردستان بەفر دبارێت؟ |
| 5 | ئایا تۆ وانا خۆ نا نقیسی؟ |
| 6 | کەی نەخوێندەواری ل کوردستان دا نامێنێت؟ |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 41،ئەم وشانەی هێڵیان بەژێرداهاتووە، پەیڤی پرسیایان لە جێ دابنێ،ڕستەکانیش بخەرە سەر شێوەی پرس**

| ژ | ڕستەی سادە | ڕستەی پرس |
|---|---|---|
| 1 | دارگوێز لە کوردستان دەڕوێت. | دارگوێز لە کوێ دەڕوێت؟ |
| 2 | ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بوو گەیشتە سەرمانگ. | کێ یەکەم کەس بوو گەیشتە سەرمانگ؟ |
| 3 | ئەز ب کەلەکێ ژ ڕووباری دەربازبووم. | ئەز ب چ ژ ڕووباری دەربازبووم؟ |
| 4 | گرانی یا باری 20 کیلۆیە. | گرانی یا باری چەند کیلۆیە؟ |
| 5 | ئەمەیان باشترە. | کامەیان باشترە؟ |
| 6 | ناڤێ من هشیارە. | ناڤێ تە چییە؟ |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 42، ئەم پەیڤانە لەم ڕستەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کام | کام خوێندکار ئامادەنەبووە؟ |
| 2 | ئایا | ئایا وانەکانت باش خوێندووە؟ |
| 3 | چۆن | چۆن کارەکانت تەواوکرد؟ |
| 4 | چما | چما دەڕۆیت؟ |
| 5 | چی | چێشت بە چی لێدەنێیت؟ |
| 6 | کەنگێ | کەنگێ دەڕۆیت بۆ گەشت؟ |
| 7 | کوێ | لە کوێ وە دەڕۆیت بۆ قەڵای شێروانە؟ |
| 8 | چەند | چەند کتێبت کڕی؟ |
| 9 | چاوا | چاوا وانە دخوێنیت؟ |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 42، ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:**

**یەکەم/ جوتیار زەوی بە چی دەکێڵێت؟**

جوتیار: ناوە، تاکە، بکەرە.

زەوی: ناوە، تاکە، بەرکارە.

بە: ئامرازی پەیوەندی.

چی: وشەی پرس، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.

دەکێڵێت: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ. ێت: جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ شڤان چاوا ڕێزمانێ دخوینیت؟**

شڤان: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

چاوا: وشەی پرس، تەواوکەری کاری تەواو.

ڕێزمانێ: ناوە، تاکە، بەرکارە.

دخوینیت: کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا، تێپەرە.

یت: جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

# ڕستەی سەرسوڕمان

**ڕستەی سەرسوڕمان:** ئەو ڕستەیەیە کە هەستێك یان سۆزێکی تێدایە، بەهۆی پەیڤی (پرس) یان پەیڤی (سەرسوڕمان)ەوە پێکدێت، بە ئاوازێکی تایبەتی دەردەبڕدرێ.

| ژ | ڕستەی سەرسوڕمان بە بێ ئامرازی سەرسوڕمان | ڕستەی سەرسوڕمان بە هۆی ئامرازی سەرسوڕمان |
|---|---|---|
| 1 | کەریم خانی زەند چ پێشەوایەکی دادخوازبوو! | ئای! ئەوە لێرە دانیشتووی. |
| 2 | کوردستان چەند خۆشە! | ئاخ! نەسەرمان ما نەماڵ. |
| 3 | بۆچی پاکوخاوێنیی شارەکەت ناپارێزیت! | مەخابن!چاوم بە هاورێکەم نەکەوت. |
| 4 | شینەشاهۆ باڵندەیەکی جوانە! | ئۆف! سەری من چەند دئیشیت. |
| 5 | نەشمیلێ هاۆزانەك ڤەهاند! | ئافەرم! بەیەکەم دەچوویت. |
| 6 | | ئۆخەی! لە دەست دەرەبەگ ڕزگارمان بوو. |

**وشەکانی سەرسوڕمان ئەمانەن:** ((**ئای، ئاخ، ئۆف، مخابن، ئافەرین، بژی، ئۆخەی، بەداخەوە**))

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ئای | ئای! ئەوە لێرە دانیشتووی. |
| 2 | ئاخ | ئاخ! ڕۆژگارێکی سەیرمان بەسەر برد. |
| 3 | ئۆف | ئۆف! سەری من چەند دئیشێت. |
| 4 | مخابن | مخابن! بۆڤی لاوی. |
| 5 | ئافەرین | ئافەرین! بەیەکەم دەرچوویت. |
| 6 | بژی | بژی! بەیەکەم دەرچوویت. |
| 7 | ئۆخەی | ئۆخەی! لە دەست دەرەبەگ ڕزگارمان بوو. |

**چەند تێبینی و سەرنجێك لەسەر ڕستەی سەرسوڕمان:**

**یەکەم/** ڕستەی سەرسوڕمان پێویستی بە وەڵام نییە.

**دووەم/** لە ڕستەی سەرسوڕماندا، نیشانەی (!) سەرسوڕمان لە دوای وشەی سەرسوڕماندا، یان لە کۆتایی ڕستەدا، دادەنرێت.

**سێیەم/** هەندێکجار وشەی پرس لە ڕستەی سەرسوڕماندا بەکاردێت.

**چوارەم/** مانای هەندێك لە وشە سەرسوڕمانەکان:

| ژ | وشەی سەرسوڕمان | مانای وشەی سەرسوڕمان |
|---|---|---|
| 1 | ئاخ، ئۆف، مخابن | بۆ هەستی ناخۆشی بەکاردێت. |
| 2 | ئافەرین، ئۆخەی | بۆ هەستی خۆشی بەکاردێت. |
| 3 | ئای | بۆ هەستی مەندەهۆشی بەکاردێت. |

کتێبی هەواڵنامە

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 46، ڕستەی سەرسوڕمان لەمانەی خوارەوە درووستبکە:**

| ژ | وشە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | گوڵێکی جوان | ئۆخەی! گوڵێکی جوانم ڕواند. |
| 2 | قارەمانێك | ئای! قارەمانێك شەهیدبوو. |
| 3 | بەڵایەکی گەورە | ئۆف! بەڵایەکی گەورەمان تووش بوو. |
| 4 | نەمانی زۆرداری | ئۆخەی! نەمانی زۆرداری کۆتایی هات. |
| 5 | سەرکەفتنا پێشمەرگەیەکی | ئۆخەی! سەرکەفتنا پێشمەرگەیەکی دبینین. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 46، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە پەیڤێکی سەرسوڕمان پڕبکەرەوە:**

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | ئای! ئەوە تەواوت کرد. |
| 2 | ئۆف! ل گەڵ مە نەهات. |
| 3 | ئۆخەی! ڤێرە چەند جهەکێ خۆشە. |
| 4 | ئۆی! چەند ماندووبووم. |
| 5 | ئای! چۆن پیاوێك بوو. |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 47، ئەمانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | وشەی سەرسوڕمان | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ئۆخەی | ئۆخەی! ڕزگارمانبوو. |
| 2 | بژی | بژی! بەیەکەم دەرچوویت. |
| 3 | ئای | ئای! ئەوە چیت کرد. |
| 4 | ئافەرین | ئافەرین! کارەکەت بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا. |
| 5 | ئۆف | ئۆف! ئەوە چیت کرد. |
| 6 | ئۆخەیش | ئۆخەیش! لە نەهامەتی ڕزگارت بوو. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 47، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ گوڵەکە چەند جوانە!**

**گوڵەکە:** ناوە، تاکە، ناسراوە، نیهادە.

**چەند:** وشەی پرسە، بۆ سەرسوڕمان بەکارهاتووە.

**جوان:** هاوەڵناوە تەواوکەری کاری ناتەواوە.

**ە:** کاری ناتەواو، بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم/ ئۆخەی! بەیەکەم دەرچوویت.**

**ئۆخەی:** وشەی سەرسوڕمان.

**بەیەکەم:** هاوەڵکاری چۆنێتییە، تەواوکەری کاری تەواو.

**دەرچوو:** کاری ڕانەبردوو، تێنەپەڕ.

**یت:** جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەرە.

## بنچینەکانی ڕستە

### بکەر (کاری تەواو)، نیهاد (کاری ناتەواو)

**ڕستە/** کۆمەڵە وشەیەکە بەسەریەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشێت، بە هێمایەك کۆتایی دێت. ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت، ئەگەر یەکێکیان لابەرین واتاکەی تێکدەچێت و لەمەبەستەکە ناگەین.

| ژ | ڕستەی کار تەواو | ڕستەی کار ناتەواو |
|---|---|---|
| 1 | دلۆڤان دچیت بۆ قوتابخانە. | دایکا وان دڵسۆز بوو. |
| 2 | فەرهاد دانیشت. | سەردار تولازەکێ ڕەوشنبیرە. |
| 3 | ڕەزەڤانی زەڤی ئاڤدا. | پاڵتۆکە بۆ ژیلە دەبێت. |
| 4 | باران باری. | فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی هەژار بەسوودە. |
| 5 | کەوەکە دەفرێت. | قوتابییەکە دەبێت بە پزیشك. |
| 6 | ادرا سێڤ خار. | زڤستان سارە. |

**یەکەم/ کاری تەواو/** لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی دادەمەزرێت: (بکەر + کار = ڕستەی کار تەواو).

| ژ | بکەر | | کار | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەوەکە | (ناو) | فڕی | کەوەکە فڕی. |
| 2 | تۆ | (جێناو) | هاتیت | تۆ هاتیت. |
| 3 | خوێندکارە زیرەکەکە | (گرێی ناوی) | ڕۆیشت | خوێندکارە زیرەکەکە ڕۆیشت. |

**بکەر/** ئەو کەسە یان ئەو شتەیە کە کارێکی کردووە، یان کارێك دەکات، یان کارێکی دەدرێتە پاڵ.

**کار/** کردەوەیەك پیشاندەدات، دەدرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك، لە کاتێکی دیاریکراودا.

**دووەم/ کاری ناتەواو: لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت: (نیهاد + گوزارە = ڕستەی کار ناتەواو).**

ئەم کارانە دەبنە کاری ناتەواو: (ە، بوو، دەبێت)، هەموو کارەکانی تر دەبنە کاری تەواو.

| ژ | نیهاد | گوزارە | | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| | | تەواوکەری کاری ناتەواو | کاری ناتەواو | |
| 1 | هاژە (ناو) | زیرەك | ە، بوو، دەبێت | هاژە زیرەکە. (بوو، دەبێت) |
| 2 | ئەو (جێناو) | مامۆستا | ە، بوو، دەبێت | ئەو مامۆستایە. (بوو، دەبێت) |
| 3 | دایکا وان (گرێی ناوی) | دڵسۆز | ە، بوو، دەبێت | دایکا وان دڵسۆزە. (بوو، دەبێت) |

**نیهاد/** ئەو ناوە یان جێناوەیە کە لە ڕستەدا سیفەتێکی دەدرێتەپاڵ، بەڵام بەهیچ کارێك هەڵناسێ.

**گوزارە/** کاری ناتەواوە بەیارمەتی وشەیەکی دیکە خەبەرێك یان سیفەتێك دەداتەپاڵ نیهاد.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 54، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، بنچینەکانی ڕستە دیاربخە و جۆرەکەی نیشانبدە:**

| ژ | ڕستە | نیهاد | گوزارە | بکەر | کار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نێرگز کولیکەکا سپییە. | نێرگز | کولیکەکا سپییە. | ـــــ | ـــــ |
| 2 | باخەوانەکە گوڵ دەچێنێت. | ـــــ | ـــــ | باخەوانەکە | دەچێنێت |
| 3 | کۆچەرێن جافان دچنە زۆزانان. | ـــــ | ـــــ | کۆچەرێن جافان | دچن |
| 4 | ئاوەکە دەبێت بە سەهۆڵ. | ئاوەکە | دەبێت | ـــــ | ـــــ |
| 5 | هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێت. | ـــــ | ـــــ | هەنگ | دەمژێت |
| 6 | ڕاستی سەردەکەوێت. | ـــــ | ـــــ | ڕاستی | سەردەکەوێت |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 54، پێنج ڕستە بهێنەرەوە، بەمەرجێك سیانیان (بکەر و کار) و دوانیان (نیهاد و گوزارە) بێت.**

| ژ | بکەر و کار | نیهاد و گوزارە |
|---|---|---|
| 1 | ئازاد هات. | چێشتەکە سوێر بوو. |
| 2 | ئارام ڕۆیشت. | ئەو دەبێت بە ئەندازیار. |
| 3 | چۆلەکەکە فڕی. | شێرزاد خوێندکارە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 54، ئەم کارانە بخە بۆشاییەکانی خوارەوە:**

((پشکوت، بەزاند، درێژکرد، ڕاگەیاند، دەستپێکرد، گرتەوە، هاتن))

گەلی کوردستان شێرانە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991)ز .......................... هێزی شەڕی بە .............................. موژدەی سەرکەوتنی .......................... غونچەی ئازادی کە خوێنی شەهیدان ئاودرابوو، دەمی .............................. کامەرانی باڵی خۆی و هەموو لایەکی .......................... پەرلەمان و حکومەتی کوردستان .......................... کایەوە.

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 55، ئەم ڕستانی خوارەوە شیبکەرەوە:**

**شەرمین دەچێت بۆ قوتا بخانە.**

شەرمین: ناوە، تاکە، بکەرە.

دەچێت: کاری ڕانەبردووە تێنەپەڕە.

ێت: جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

بۆ/ ئامرازی پەیوەندی.

قوتابخانە: تەواوکەری بەیاریدەیە.

**بەهاری کوردستان ڕەنگینە.**

بەهاری کوردستان/ گرێی ناوییە، نیهادە.

ڕەنگینە/ گوزارەیە،

ڕەنگین/ هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە

ە/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

هەواڵەکانی کتێب

# کـــــــــار
## (کاری تەواو و کاری ناتەواو)

| ژ | ڕستە (کاری تەواو) | ڕستە کاری ناتەواو |
|---|---|---|
| 1 | کاوەی ئاسنگەر شۆڕشی لە دژی زۆرداری بەرپاکرد. | دراوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە. |
| 2 | گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە. | ئاگر نیشانەی جەژنی نەورۆزە. |
| 3 | کورد بە ئازادی ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژارد. | گوڵەسپییەکە جوان بوو. |
| 4 | شیرێنی پەز دۆشی. | ئاوی گۆزەکە سارد بوو. |
| 5 | ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون. | دیارییەکە بۆ تاڤان دەبێت. |
| 6 | ئاراسی ماسی دناڤ گۆمێدا گرت. | دیار دەبێت بە مامۆستا. |

**لەزمانی کوردیدا، ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت، (بنچینەی یەکەم: بکەر، بنچینەی دووەم: کار)، هەروەها کاردوو جۆرە**

**یەکەم/ کاری تەواو:** ئەو کارەیە کە بەبێ یاریدە، کردەوەیەك نیشاندەدات، دراوەتە پاڵ کەسێك یان شتێك کە (بکەرە)کەیەتی، مانای تەواو و سەربەخۆی هەیە، پێویستی بە وشەیەکی تر نییە.

**کاری تەواو لە ڕووی (کات)ەوە:**

**یەکەم/ کاری ڕابردوو:**

| ژ | دەمەکانی کاری ڕابردوو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی نزیك | خوێندکارەکە هات. |
| 2 | ڕابردووی بەردەوام | خوێندکارەکە دەهات. |
| 3 | ڕابردووی تەواو | خوێندکارەکە هاتووە. |
| 4 | ڕابردووی دوور | خوێندکارەکە هاتبوو. |

**دووەم/ کاری ڕانەبردوو:**

| ژ | دەمەکانی کاری ڕانەبردوو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی (ئێستا) | (ئێستا، وا، ئەوا) خوێندکارەکە دەچێت بۆ خوێندنگە.<br>ئەز نهۆ دچم بۆ دهۆکێ. (کرمانجی ژووروو) |
| 2 | کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی (ئایندە) | خوێندکارەکە دەچێت بۆ خوێندنگە.<br>ئەز دێ چم بۆ دهۆکێ. (کرمانجی ژووروو) |

**سێیەم/ کاری داخوازی:**

| ژ | کاری داخوازی | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) | وانەکە بخوێنە. |
| 2 | کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ (ن) | وانەکە بخوێنن. |

**كاری ناتەواو:** ئەو كارەیە كە كردەوەیەك نیشاندەدات، بەڵام بە یاریدەی وشەی دی دەتوانێت هەواڵێك یان سیفەتێك بداتە پاڵ نیهادەكەی.

**كاری ناتەواو لە ڕووی (كات)ەوە:**

| ژ | كاری ناتەواو لە ڕووی كاتەوە | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | كاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو (بوو) | گوڵە جوانەكە سیس بوو. |
| 2 | كاری ناتەواو بۆ دەمی ڕانەبردوو (ە) بۆ (ئێستا) | ئاگر نیشانەی جەژنی نەورۆزە. |
| 3 | كاری ناتەواو بۆ دەمی ڕانەبردوو (دەبێت) بۆ (ئاینده) | ئاراس دەبێت بە خوێندكار. |

**ڕاهێنانی یەكەم، لاپەڕەی 59، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، (كاری تەواو و كاری ناتەواو) دەربهێنە:**

| ژ | ڕستە | كاری ناتەواو | كاری تەواو |
|---|---|---|---|
| 1 | دەستی ماندوو لەسەر سكی تێرە. | ە | |
| 2 | پێشمەرگە بە قوربانیدان كوردستانی ڕزگاركرد. | | ڕزگاركرد |
| 3 | درۆزن دوژمنی خوایە. | ە | |
| 4 |ماڵی ئێوە خۆش بوو. | بوو | |
| 5 | ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیگوت: ترشە. | ە | نەدەگەیشت، دەیگوت |
| 6 | چەم بێ چەقەڵ نابێت. | نابێت | |
| 7 | دەوڵەمەندی بە دڵە بە ماڵ نییە<br>گەورەیی بە عەقڵە بە ساڵ نییە | ە<br>ە | |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 59، (ئەسپە سپییەكە جوانە.)**

یەكەم/ كاری ڕستەكە دەربهێنە، چ جۆرێكە، لە چ دەمێكدایە؟

وەڵام: كاری ڕستە (ە)، كاری ناتەواو، ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا.

دووەم/ كاری ڕستەكە بگۆڕە بۆ دەمی ڕابردوو، پاشان ڕستەكە بنووسەرەوە؟

وەڵام: ئەسپە سپییەكە جوان بوو.

سێیەم/ كاری ڕستەكە بگۆڕە بۆ دەمی ڕانەبردوو (ئاینده)، پاشان ڕستەكە بنووسەرەوە؟

وەڵام: ئەسپە سپییەكە جوان دەبێت.

هەواڵنامەی كێنز

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 59، ئەم وشانەی خوارەوەدا، کاری تەواو و ناتەواو جیابکەرەوە، لە دوایدا بیانخە ڕستەوە:**

| ژ | کار | جۆری کار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەوەرێت | کاری تەواو | گوڵەکە دەوەرێت. |
| 2 | بوو | کاری ناتەواو | ئازاد بوو بە خوێندکار. |
| 3 | گریا | کاری تەواو | منداڵەکە گریا. |
| 4 | دەبێت | کاری ناتەواو | خوێندکارەکە دەبێت بە ئەندازیار. |
| 5 | ە | کاری ناتەواو | گوڵەکە سوورە. |
| 6 | فیشکاندن | کاری تەواو | مارەکە فیشکاندی. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 60، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | کتێبەکانت خاوێن ڕابگرە. | کاری ناتەواو، جێناو، ئامراز |
| 2 | دیمەنی ڕەشماڵی کورد دڵگیرە. | ئامراز، کاری ناتەواو، جێناو |
| 3 | برنجەکە خوسا بوو. | کاری ناتەواو ، کاری تەواو، هاوەڵناو |
| 4 | دار بە گەورەیی ناچەمێتەوە. | کاری ناتەواو، پاشگر، جێناو |
| 5 | ڕەشەبای سلێمانی بە هێزە. | ئامراز، کاری ناتەاو، پاشگر |
| 6 | چیرۆکەکە بە سوود بوو. | کاری ناتەواو، کاری تەواو، کاری یاریدەدەر |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 60، شیکردنەوە:**

**یەکەم/ ترێ پێگەیشت.**

ترێ: ناوە، تاکە، نەناسراوە، گشتییە، بکەرە.

پێگەیشت: کاری تەواوە، ڕابردووە، تێنەپەڕە.

**دووەم/ سێوەکە مزر بوو.**

سێوەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، نیهادە.

مزر: هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

بوو: کاری ناتەواو، ڕابردوو.

هەولێرنامەی کتێب

# دیارخەری ناو - تەواوکەری کار

| ژ | دیارخەری ناو |
|---|---|
| 1 | دایکی شەهید فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت. |
| 2 | برادەری ئازاد بەیەکەم دەرچوو. |
| 3 | هەڤاڵێ من بلەز هات. |
| 4 | قوتابی زیرەك هۆنراوەکانی لەبەردەکات. |
| 5 | مرۆڤێت باش لە تەنگافیدا دەردکەڤن. |
| 6 | مامۆستای ئێوە کتێبەکان دابەشدەکات. |
| 7 | وڵاتەکەمان بە زانست پێشدەکەوێت. |
| 8 | برایێ تە چیرۆك نفیسە. |
| 9 | مە کتێب ژ وی وەرگرت. |
| 10 | دەشتا هەڤلێرێ ب پیتە. |

**تەواوکەر:** ئەو وشەیەیە یان ئەو وشانەیە کە لە ڕستەدا دەبینرێن، بێجگە لە بنچینەکانی ڕستەدا (بکەر و کار). تەواوکەر دوو جۆرە:

**یەکەم/ تەواوکەر ( دیارخەری ناو ):**

A -**ناو دیارخەری ناو:** **ناو ( دیارخراو ) + ی خستنەسەر + ناو ( دیارخەر ) = گرێی ناو**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | ناو (دیارخەر) | گرێی ناو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دایك | ی | شەهید | دایکی شەهید |
| 2 | دەشت | ا | هەڤلێر | دەشتا هەڤلێرێ |

B – **هاوەڵناو دیارخەری ناو:** **ناو ( دیارخراو ) + ی خستنەسەر + هاوەڵناو ( دیارخەر ) = گرێی ناو**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | هاوەڵناو (دیارخەر) | گرێی ناو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکار | ی | زیرەك | خوێنکاری زیرەك |
| 2 | مرۆڤ | ێت | باش | مرۆڤێت باش |
| 3 | خوێندکار | ە | زیرەك | خوێندکارە زیرەکەکە |

C – **جێناوی کەسی سەربەخۆ دیارخەری ناو: ناو ( دیارخراو )+ی خستنەسەر+جێناوی کەسی سەربەخۆ ( دیارخەر ) = گرێی ناو**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناو (دیارخەر) | گرێی ناو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | برا | ێ | تە | برایێ تە |
| 2 | مامۆستا | ی | ئێوە | مامۆستای ئێوە |

تێبینی/ ئامرازی خستنەسەر لە کرماجی خوارووی‌دا (ە، ی)، لــــــــە کرمانجی ژووروودا، (ا) بۆ تاکی مێ، (ێ) بۆ تاکی نێر، (ێد، ێن، ێت) بۆ کۆی نێر و مێ، بەکاردێت.

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم/ تەواوکەری کار ( بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، هاوەڵکار ):**

**A – تەواوکەری کار ( بەرکار ):** **بکەر + بەرکار + کاری تێپەڕ**

| ژ | بکەر | بەرکار | کاری تێپەڕ | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکاری زیرەك | هۆنراوەکان | لەبەردەکات | خوێندکاری زیرەك هۆنراوەکان لەبەردەکات. |
| 2 | برایێ تە | چیرۆك | نڤیسییە | برایێ تە چیرۆك نڤیسییە. |
| 3 | ئاوی کانی | ئاوی کانی | دەخوا | ئاوی کانی دەخوات. |

**B – تەواوکەری کار( تەواوکەری بەیاریدە ) ئامرازی پەیوەندی( بە ،بۆ، لە ،ژ )+ناو یان جێناو=تەواوکەری بەیاریدە**

| ژ | ڕستە | ئامراز | ناو یان جێناو | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مە کتێب ژ وی وەرگرت. | ژ | وی (جێناو) | ژ وی |
| 2 | ئارام لە بازاڕە. | لە | بازاڕ (ناو) | لە بازاڕ |
| 3 | وڵاتەکەمان بە زانست پێشدەکەوێت. | بە | زانست (ناو) | بە زانست |
| 4 | خوێنکارەکە چوو بۆ خوێندنگە. | بۆ | خوێندنگە (ناو) | بۆ خوێندنگە |

**C – تەواوکەر ( هاوەڵکار ):** **هاوەڵکار ( کات، شوێن، چۆنێتی، چەندێتی ) کار دیاری دەکات.**

| ژ | ڕستە | هاوەڵکار | جۆری هاوەڵکار |
|---|---|---|---|
| 1 | هەڤاڵێ من بلەز هات. | بلەز | چۆنێتی |
| 2 | بەیانی دەچم بۆ خوێندنگە. | بەیانی | کاتی |
| 3 | منداڵەکە لە ناو لانکەکەدا نوستووە. | لە ناو لانکەکەدا | شوێنی |
| 4 | باران زۆر باری. | زۆر | چەندێتی |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 68، لەم ڕستانەی خوارەوە، دیارخەری ناو و تەواوکەری کار دەربهێنە :**

| ژ | ڕستە | جۆری تەواوکەر |
|---|---|---|
| 1 | مرۆڤی زانا پێشدەکەوێت. | دیارخەری ناو |
| 2 | چیاکانی کوردستان بەرزن. | دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 3 | ئارام گۆڤارەکەی هێنا. | تەواوکەری کار (بەرکار) |
| 4 | پار چووین بۆ سەیران. | تەواوکەری کار (تەواوکەری بەیاریدە)، تەواوکەری کار (هاوەڵکار) |
| 5 | بازنێ زێڕ ب نرخە. | دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| 6 | دارا کتێبەکەی لە کتێبخانە کڕی. | تەواوکەری کار (بەرکار)، تەواوکەری کار (تەواوکەری بەیاریدە) |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 68، ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێك جارێك ببنە دیارخەری ناو، جارێك ببنە تەواوکەری کار:**

| ژ | وشە | ڕستە (دیارخەری ناو) | ڕستە (تەواوکەری کار) |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕەز | ترێی ڕەزەکە پێگەشتووە. | جوتیارەکە ڕەزەکەی بڕی. |
| 2 | گوڵ | ڕەنگی گوڵ جوانە. | خوێندکارەکە گوڵەکەی کڕی. |
| 3 | چێشت | خواردنی چێشت مرۆڤ تێردەکات. | منداڵەکە چێشت دەخوات. |
| 4 | بەپەلە | کاری بەپەلە خاوەنی شەلە. | پێڵاوەکانم بەپەلە لە پێکرد. |
| 5 | زانست | وانەی زانست ئاسانە. | خوێندکارەکە زانست دەخوێنێت. |
| 6 | کارگە | کرێکاری کارگە زۆر ماندوو دەبێت. | کرێکارەکە لە کارگەکە کاردەکات. |
| 7 | ڕووبار | ئاوی ڕووبار بۆ خواردنەوە نابێت. | مەلەوانەکە لە ڕووبارەکە پەڕییەوە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 68، ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە:**

**یەکەم/ برای ئاری کتێب دەفرۆشێت.**

برا: ناوە، تاکە، گشتی، دیارخراوە.

ی: ئامرازی خستنەسەر.

ئاری: ناوە، تاکە، تایبەتییە، دیارخەرە

برای ئاری: گرێی ناوییە، بکەرە.

کتێب: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

دەفرۆشێت: کاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

ێت: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**سێیەم/ دیار گۆڤاری لە کتێبخانە وەرگرت.**

دیار: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

گۆڤار: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

ی: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە

لە: ئامرازی پەیوەندی

کتێبخانە: ناوە، تاکە، گشتی، تەواوکەری بەیاریدەیە

وەرگرت: کاری ڕابردووی تێپەڕە

**دووەم/ دارڤان داران دبڕێت.**

دارڤان: ناوە، تاکە، بکەرە.

داران: ناوە، کۆیە، بەرکارە.

دبڕێت: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ.

ێت: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

# نـــــاو

ئەم پارچە پەخشانە بخوێنەرەوە:

سەرەتای بەهار بوو، تازە گوڵ و لالەی ئەو دەشت و دەرە سەریان دەرهێنابوو، بە دەم شنەی بای فێنك پێدەكەنین، نێرگز و بەیبوون و مێلاقە و شلێر ئەو ناوەیان خەملاندبوو، بەرخ و كاریلە دەمیان لە گیای بەهارێ نابوو، قاسپەی كەو لە ترۆپك و قەدپاڵەكاندا دەنگی دەدایەوە، هەتاوی نەورۆزیی لە لوتكەی چیا بڵندەكەی ئەوبەری گوندەكەمان هەڵات، تیشكی زیوینی بەسەر بەفری لاپاڵی شاخەكاندا، بەسەر لالەزار و گوڵزاری ئەو ناوەدا پەخشكرد، كوڕ و كچ، لاو و پیر، گوندێ مە تێكڕا، خۆیان بۆ سەیرانی نەورۆز ئامادەكردبوو، دەستە و كۆمەڵ پێكەڤە، بەرەو سەیرانگای ناوچەكە دەچوون، خەڵك لە گوندەكانی دەوروبەریش ڕوویان لەو سەیرانگایەكرد، لەوێ هەموو بەیەك دڵ گۆرانی و ستران و سروودیان بۆ ئەو جەژنە نەتەوەییە دەچڕاند، من و كاوەی برادەریشم، ڕوومان لەوێ كرد، شایی و گۆڤەند دەستی پێكرد، سێپێیی و ڕەشبەڵەك، شێخانی و سوسكەیی، سەماوەر لە هەموو لایەك جۆشدرا و چا خورایەوە، دیسان كوڕ و كچێت گوندییان دەستیان تێكگرتن، زەماوەند و هەڵپەڕكێ دەستی پێكردەوە، ئێڤارێ، هەموو بە دڵێكی پڕ لە خۆشی و شادی، بە ئازادی و تەناهی بەرەڤ گوندێن خۆ گەڕانەوە، پاش ئەوەی چاویان بە جوانی بەهار گەشایەوە.

**سەرنجی پەرەگرافەكەی سەرەوە بدەین، دەبینین كە كۆمەڵێك ناوی تیایە، هەریەكەیان بۆ شتێك بەكاردێت:**

| ژ | ناوی ئاژەڵ | ناوی ڕووەك | ناوی شتی بێگیان | ناوی جێگا و شوێن | ناوی كەس | ناوی بیر یان هەست | ناوی هەڵپەڕكێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرخ | نێرگز | نان | گوند | كاوە | خۆشی | سێپێیی |
| 2 | كاریلە | مێلاقە لالەزار | سەماوەر | سەیرانگا | كوڕ | شادی | ڕەشبەڵەك |
| 3 | كەو | شلێر، بەیبوون | چا | دەشت، گوڵزار، لاپاڵ | كچ | ئازادی | شێخانی |
| 4 | | گوڵ، لالەزار | با | چیا، گوند، قەدپاڵ | پیر | جوانی | سوسكەیی |

**نـــــاو**/ وشە و بێژەیەكە، بۆ ناونان و دیاریكردن و پیشاندانی ناوی (مرۆڤ، ئاژەڵ یان ڕووەك) یان بێگیان (شت یان شوێن) یان بیر و مەبەستێك بەكاردێت.

راهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 71، لەم ڕستە و هۆنراوانەدا، ناوەکان دەستنیشانبکە، ئینجا بیان نووسەرەوە:

| ژ | ڕستە | | ناو |
|---|---|---|---|
| 1 | ڤی خورتی سەری مە بلّندکر. | | خورت، سەر |
| 2 | من جوتیارم، من جوتیارم<br>من بە ئارەق و ئەو بەتین | من لەگەڵ هەتاو هاوکارم<br>دامان ڕشتووە بناخەی ژین | جوتیار، هەتاو<br>ئارەق، بناخە، ژین |
| 3 | ئاگر نیشانەی جەژنی نەورۆزە. | | ئاگر، جەژن، نەورۆز |
| 4 | ئەو ئەرخەوانە جوانە<br>بەرێزە ئـــــەو کچانە | کە لە گردی ســـــەیوانە<br>وەك قومری دەوریان داوە | ئەرخەوان، گرد، سەیوان<br>کچ، قومری |
| 5 | دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگێ من دوو دۆخ<br>یەك لسینە یەك لدل دا لـەوژمن تێن ئاخ و ئۆخ | | دلبەر، سەحەر، جەرگ<br>سینە، دل |

راهێنانی دووەم، لاپەڕەی 72، ئەم بۆشاییانە بە وشە پڕبکەرەوە:

یەکەم/ هەولێر پایتەختی هەرێمی فیدراڵی ئێراقە. چوارەم/ چـــاڤ ئەندامێ دیتنێیە.

دووەم/ هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێت و هەنگوین درووستدەکات. پێنجەم/ ئاڤا کانێ ژ بەفرا و بارانێ پەیدادبیت.

سێیەم/ شانۆ هونەری گەلە.

راهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 72، ئەم ناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

| ژ | ناو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ڕاستی | هەمیشە ڕاستی سەردەکەوێت. |
| 2 | هەنار | هەنارەکە ترش بوو. |
| 3 | ڕەزەڤان | ڕەزەڤان ڕەزی کێڵا. |
| 4 | برادۆست | خانی لەپ زێرین لە هۆزی برادۆست بوو. |
| 5 | هەڵەبجە | هەڵەبجە شارۆچکەیەکە لە باشووری کوردستان. |

راهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 72، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:

**یەکەم/ شیلان هات.**

شیلان: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

هات: کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

**دووەم/ شیروانی هەرمی خار؟**

شیروان: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بکەرە.

ی: نیشانەی ڕەگەزی نێرە.

هەرمی: ناوە، تاکە، گشتییە، بەرکارە.

خار: کاری ڕابردووی تێپەڕە.

# جۆرەکانی نـــــــــــــاو

## A – ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (ناوی تایبەتی،ناوی گشتی، ناوی کۆمەڵ)

**لە وانەی پەروەردەی نیشتیمانیدا مامۆستا وتی:**

(هەرێمی فیدراڵی کوردستانی ئێراق، ئانکۆ باشورا کوردستانێ، لەدوا ڕاپەڕینی بەهاری 1991ز، گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە دیت، ئەڤ هەرێمە لە پێنج پارێزگا پێکدێت، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك و دهۆك، هەڵەبجە، چەند قەزایەکی دیکەش هەن، بەشێکن لەو هەرێمە وەکو: خانەقین، شەنگال و بەدرە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕێڤەبەریيا کوردی گەلێك پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە هاتنە جێبەجێکردن، سەدان باژێڕ و گوند و دێ نۆژەنکرانەوە و سەرلەنوو هاتن ئاڤاکرن، سەدان کیلۆمەتر ڕێ و بان دروستکران، ژمارەیەکی زۆر کارگە و کارخانە کەوتنەگەڕ، بایەخ درا بە کاروباری چاندن و کشتوکاڵ بە ڤەژیاندنا سامانی ئاژەڵ و بەخێوکردنی مەڕ، بزن، پەز، گا، چێل و مریشك، پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم، ژێ هاتنە دامەزراندن، گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، دەسەلاتی گرتەدەست.

چەندین زانکۆی تازە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و دەیان قوتابخانە و خاندنگە کرانەوە، نازدارا کچا من و سەربەستێ برایێ وی لەم  زانکۆیانە دەخوێنن، کۆمەڵی کوردەواری لەگەلێك لایەنەوە پێشکەفت، لەبەر هەندێ پێویستەبە دڵ و بەگیان ئەزمونی دیموکراتی گەلی خۆمان بپارێزین، هەموو ببین بە سەرباز بۆ پاراستنا ڤێ دەستکەفتان.)

| ژ | ناوی تایبەتی | ناوی گشتی | ناوی کۆمەڵ |
|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر، بەدرە | باژێڕ، گوند، دێ | گەل |
| 2 | سلێمانی، خانەقین | مەڕ، بزن | سوپا، لەشکر |
| 3 | کەرکوك، شەنگال | گا، چێل | میللەت |
| 4 | دهۆك | مریشك، خوێندنگە | نەتەوە |
| 5 | نازدار، سەربەست | خوێنکار، مامۆستا | مێگەل |

**ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە:**

**یەکەم/ ناوی تایبەتی:** ئەو ناوەیە کە بە تایبەتی بەکاردێت بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك یان جێ و شوێنێکی دیاریکراو و تایبەت وەکو:

| ژ | ناوی کەس | ناوی وڵات | ناوی میللەت | ناوی ڕووبار و چیا | ناوی شار و گوند |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سامان | کوردستان | کورد | زێی بچوك | سلێمانی |
| 2 | شۆڕش | هەندستان | هندی | سیروان | دیاربەکر |
| 3 | نازەنین | ئەرمەنستان | ئەرمەنی | ئەزمڕ، قەندیل | تەگەران، سیتەك |

**دووەم/ ناوی گشتی:** ئەو ناوەیە بۆ هەموو ئەو گیاندار و بێگیانانە بەکاردێت، کە خودانی یەك ڕەگەزن، ناوەکە بەسەر تێکڕا و بەسەر تاکە تاکەی ئەو ڕەگەزانەدا دابڕاوە:

| ژ | ناوی کەس | ناوی ئاژەڵ و باڵندە | ناوی ڕووەك و میوە | ناوی بێگیان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا | ماین | جۆ | بەرد |
| 2 | کچ | هرچ | گەنم | دار |
| 3 | کوڕ | پەز | سێو | چیا |
| 4 | دایك | کەو | هەنجیر | ڕووبار |

**سێیەم/ ناوی کۆمەڵ:** ناوێکە بە ڕواڵەت تاك پیشاندەدات، بەڵام لە ناوەرۆکدا واتای کۆ دەبەخشێ.

| ژ | بۆ کۆمەڵێك کەس بەکاردێت | بۆ گیاندار | بۆ ڕووەك |
|---|---|---|---|
| 1 | لەشکر، گەل، میللەت | گاڕان، مێ گەل، ڕەڤد (ڕەڤدا گورگان) | ڕەز، چەپك |
| 2 | هۆز، دەستە، چین، تیرە | مێگەل، ڕەوە، ڕان، گاگەل | دەسك، قامك |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 78، جۆری ئەم ناوانە نیشانبدە:**

| ژ | ناوی تایبەتی | ناوی گشتی | ناوی کۆمەڵ |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆزك | پیاو | میللەت |
| 2 | نێرگز | قوتابی | مێگەل |
| 3 | ئەحمەدی خانی | جەژن | |
| 4 | زەردەشت | | |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 78، لەم پارچە هۆنراوەیەدا، ناوەکان دەستنیشانبکە و جۆرەکانیان دیاربخە:**

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپك  لە نێرگز و گـــوڵی ناسك  چرای گیانیان کـــــــــوژانەوە  شەماڵ جەســـتەی شەکانەوە

ئەکەم بە دیارییەکی جـوان  بۆ گەلی کـــــوردی قارەمان  ئەم چەپکە گوڵەی من پێشکەشە  بەوەی گڕ ئەگرێتە بـــاوەش

گوڵاڵە سوورەی پارچەی دڵ  هی دڵێك کە کەوتە ژێرگڵ  بەو لاوانەی کـــــە بۆ وەتەن  لـــــــە خەباتا پشوو نادەن

دڵی ئەو لاوەی بـۆ میللەت  جەڕانیان لە گەردنیا پەت  بۆ ژینی کورد بوون بە پێشەنگ  بوون بە مەشخەڵی شەوەزەنگ

| ژ | ناوی تایبەتی | ناوی گشتی | ناوی کۆمەڵ |
|---|---|---|---|
| 1 | نەورۆز | ڕۆژ، گوڵ، دیاری | چەپك |
| 2 | نێرگز | گوڵاڵە، دڵ، گڵ، پەت، چرا، شەماڵ، خەبات، جەستە | گەل |
| 3 | کورد | دڵ،لاو، جەڕان، گەردن، گڕ، باوەش، وەتەن، ژین، مەشخەڵ | میللەت |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 79، ئەم بۆشاییانەی بە ناوی گشتی پڕبکەرەوە:**

یەکەم/ باخەکەمان داری جوانی تێدایە.    سێیەم/ پێویستە خوێندکار هەموو ساڵێك لە وانەکانی دەربچێت.

دووەم/ چەم بێ چەقەڵ نابێت.    چوارەم/ ڤایرۆس نەخۆشی بڵاودەکاتەوە.

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 79، وشە هێڵبەژێرداهاتووەکان لەم ڕستانەدا شیبکەرەوە:**

| ژ | ڕستە | شیکردنەوە |
|---|---|---|
| 1 | ڕەزڤانی ڕەزی خۆ ئاڤدا. | ڕەز: ناوە، کۆمەڵە، ناسراوە، دیارخراوە. ێ: ئامرازی خستنەسەرە. |
| 2 | لەشکر سنوورەکانی ووڵات دەپارێزێت. | لەشکر: ناوە، کۆمەڵە، بکەرە. |
| 3 | سێڤێن بەرواریا بناڤ و دەنگن. | سێڤ: ناوە، کۆیە، گشتییە، دیارخراوە نیهادە.<br>ێن: ئامرازی خستنەسەرە. |
| 4 | گوڵێکم بۆ ماموستا برد. | گوڵێك: ناوە، تاکە، گشتییە، نەناسراوە، بەرکارە. |
| 5 | سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانییە. | سلێمانی: ناوە، تایبەتییە، نیهادە. شار: ناوە،گشتییە، دیارخراوە. ی: ئامرازی خستنەسەر |

هەواڵنامەی کتێب

## جۆرەکانی نـــــــــاو

## B- ناو لە ڕووی هەبوونەوە (ناوی بەرجەستە، ناوی واتایی)

جوتیارێك گێڕایەوە و وتی:

(ڕۆژەکە زۆر سارد بوو، هەوری ڕەش سەرتاپای ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو، زەوی گەڵێك تینووبوو، ئارەزووی بارانی دەکرد، لە ناکاو کردی بە هەورە تریشقە و لێزمەی باران، جووتیار و شڤان و گاوان، کەوتنە خۆشی و شادی، چونکە کاتێك بەفر و باران زۆر بوو، کانیاو دەردەبن، ئاوی چەم و ڕووبار زۆر دەبێ، لە بەهاردا، جوانی هەموو لایەکی سرووشت دەگرێتەوە، خەم و پەژارە لە دڵ نامێنێت، هێز و وزە دەکەوێتە گیانی زیندەوەر و جانەوەرانەوە، لەم وەرزەدا، بەرهەمی ئاژەڵان زۆر دەبێ وەك ماست و پەنیر و فرۆ و لۆر و سەرتوو نقیشك.)

### ناو لە ڕووی هەبوونەوە دوو جۆرە:

**یەکەم/ ناوی بەرجەستە:** ئەو ناوەیە کە بەر یەکێك لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت، بوونی مادی سەربەخۆی هەیە.

هەستەکان: (بۆنکردن، بینین، بیستن، چەشتن، بەرکەوتن).

نموونە: (ماست، پەنیر، فرۆ، لۆر، سەرتوو، نقیشك، دار، کورسی، ئاسن، دەرگا، گوڵ، .....)

**دووەم/ ناوی واتایی:** ناوێکە لە خۆیدا بوونی مادی نییە، بەر هیچ یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، تەنیا لە بیر و خەیاڵدا پەیدادەبێت. نموونە: (خۆشی، شادی، جوانی، خەم، پەژارە.....)

دوو جۆری هەیە:

A - **ناوی واتایی (بنجی):** ئەو ناوانەن کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت. لە بنەچەی زمانەکەدا خۆیان هەن:

نموونە: (خەم، هێز، وزە، هۆش، باوەڕ، ترس، مەرگ ....)

B - **ناوی واتایی (دروستکراو):** ئەو ناوانەن کە لە وشەیەکی بەرجەستە یان واتایی بە یاریدەی پاشگرێك دروستدەکرێت:

نموونە: (مێرانی، کوردینی، دۆستایەتی، پیاوەتی، ڕەشایی، مەزناتی، جوانی...)

### 1-ناوی بەرجەستە + پاشگر = ناوی واتایی درووستکراو

| ژ | ناوی بەرجەستە | پاشگر | ناوی واتایی درووستکراو |
|---|---|---|---|
| 1 | منداڵ | ی | منداڵی |
| 2 | کورد | ینی | کوردینی |
| 3 | میر | ایەتی | میرایەتی |
| 4 | پیاو | ەتی | پیاوەتی |
| 5 | دەشت | ایی | دەشتایی |
| 6 | کورد | اتی | کورداتی، لە کرمانجی خوارووودا (کوردایەتی) |
| 7 | میر | انی | میرانی |

### 2– هاوەڵناو + پاشگر = ناوی واتایی درووستکراو

| ژ | هاوەڵناو | پاشگر | ناوی واتایی درووستکراو |
|---|---|---|---|
| 1 | مەزن | اتی | مەزناتی |
| 2 | جوان | ی | جوانی |
| 3 | ڕەش | ایی | ڕەشایی |
| 4 | ئاشنا | یەتی | ئاشنایەتی |

تێبینی/ یەکەم: مەرج نییە، هەموو ناوێکی بەرجەستە یان هاوەڵناوێك ببێت بە ناوی واتایی دروستکراو.

دووەم: هەموو چاوگێك ناوی واتاییە.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 84، ئەم ناوە واتاییانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | ناوی واتایی | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | مرۆڤینی | هەمی کەسیك دبیت هەستی مرۆڤینی هەبت. |
| 2 | زیرەکی | زیرەکی مرۆڤ بەرەو داهێنان دەبات. |
| 3 | برایەتی | برایەتی بۆ میللەت پێویستە. |
| 4 | جەنگ | مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو دژی جەنگ بووە. |
| 5 | ئاشتی | کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 84، لەم ڕستانەدا، ناوە واتاییەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان بنووسە:**

| ژ | ڕستە | جۆر |
|---|---|---|
| 1 | هەستی نەتەوایەتی پیرۆزە. | ناوی واتایی درووستکراو |
| 2 | کۆتری ئاشتی زۆر جوانە. | ناوی واتایی بنجی |
| 3 | هەمیشە تروسکەی هیوا ناکوژێتەوە. | ناوی واتایی بنجی |
| 4 | دووربینی پەشیمانی لەدوایە. | ناوی واتایی درووستکراو |
| 5 | خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە. | ناوی واتایی بنجی |
| 6 | خەو بۆ مرۆڤ پێویستە. | ناوی واتایی بنجی |
| 7 | تا مرۆڤایەتی مابێت ژیان ناوەستێت. | ناوی واتایی درووستکراو |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 84، لەم ڕستانەدا تەنیا ناوە بەرجەستەکان دەربهێنە:**

| ژ | ڕستە | ناوی بەرجەستە |
|---|---|---|
| 1 | تریفە بەیانیان هێلکە و نڤیشك دەخوات. | تریفە، هیلکە، نڤیشك |
| 2 | گەنم و جۆ دوو بەرهەمی زستانەن. | گەنم، جۆ |
| 3 | ل بەهارێ خۆناڤ دکەڤیتە سەر پەلکێت داران. | خوناڤ، پەلك، دار |
| 4 | مەتینی دەستێ خۆ ب  تەڤشوی بڕی. | دەست، تەڤشو |
| 5 | جوتیار زەڤی کێلا. | جوتیار، زەڤی |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 84، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**یەکەم/ ترس مرۆڤ دەتۆقێنێت.**

ترس: ناوی واتایی بنجییە، بکەرە.

مرۆڤ: ناوە، تاکە، بەرجەستەیە، گشتییە، بەرکارە.

دەتۆقێنێت: کاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

ێت: جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ خوێندەواری چرای ژیانە:**

خوێندەواری: ناوی واتایی دروستکراوە، بکەرە.

چرا: ناوە، تاکە، دیارخراوە.

ی: ئامرازی خستنەسەرە.

ژیان: ناوە، دیارخەرە

چرای ژیان: گرێی ناوییە تەواوکەری کاری ناتەواوە

ە: کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

# ئەرکی ناو لە ڕستەدا

| ژ | ڕستە (کرمانجی خواروو) | ڕستە (کرمانجی ژووروو) | ئەرك |
|---|---|---|---|
| 1 | پیرۆت نانی خوارد. | پیرۆتی نان خار. | بکەر |
| 2 | کوڕەکەی پیرۆت ئەندازیارە. | کوڕێ پیرۆتی ئەندازیارە. | دیارخەری ناو |
| 3 | پیرۆتم لە شاری هەولێر دیت. | من پیرۆت ل باژێرێ هەولێرێ دیت. | بەرکار |
| 4 | پیرۆت زیرەکە. | پیرۆت زیرەکە. | نیهاد |
| 5 | پیرۆت خەلاتکرا. | پیرۆت هاتە خەلاتکرن. | جێگری بکەر |
| 6 | کتێبەکەم لە پیرۆت وەرگرت. | من کتێب ژ پیرۆتی وەرگرت. | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو |
| 7 | کتێبەکە بۆ پیرۆت بوو. | ئەمە (ئەڤە) پیرۆتە. | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو |

**ئەرکی ناو لە ڕستەدا، لە زمانی کوردیدا، ناو حەوت ئەرکی هەیە، بە پێی ئەم یاسایانە:**

| ژ | ئەرك | یاسا |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | ئەگەر ناوێك کارێکی ئەنجامدابێت، بە مەرجێك کارەکە کاری تەواوبێت، دەبێت بە: (بکەر) |
| 2 | دیارخەری ناو | ناو دیارخەری ناوە بەم یاسایە:<br>ناو(دیارخراو) + ی خستنەسەر + ناو(دیارخەر) = گرێی ناوی |
| 3 | بەرکار | کارێك تێپەڕ بێت، کاریگەری کارەکە بکەوێتە سەر هەر وشەیەك پێیدەوترێت: (بەرکار) |
| 4 | نیهاد | کاری ڕستە ناتەواو بێت (ە، بوو، دەبێت)، هەوالێك یان سیفەتێك بدرێتە پاڵ ناوێك، یان جێناوێك دەبێت بە: (نیهاد) |
| 5 | جێگری بکەر | ئەگەر کار بکەرنادیاربێت، ئەو بەرکارەی کە چۆتە جێگەی بکەر، پێیدەوترێت: (جێگری بکەر)،<br>کاری بکەر نادیار بۆ ڕابردوو (را)، بۆ ڕانەبردوو (رێ) پێوە دەلکێ. |
| 6 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | ئامرازی پەیوەندی (بە، بۆ، لە) + ناو یان جێناو پێی دەوترێت:<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو | ئامرازی پەیوەندی (بە، بۆ، لە) + ناو یان جێناو پێی دەوترێت:<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 89، لەم ڕستانەدا ئەرکی ئەو ناوانە پیشانبدە کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە.**

| ژ | ڕستە | ئەرك |
|---|---|---|
| 1 | **هاوین** گەرمە. | نیهاد |
| 2 | برام چوو **بۆ دهۆك**. | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو |
| 3 | **شۆڕشگێڕان دوژمن** شکاندن. | شۆڕشگێڕان: بکەر.     دوژمن: بەرکار |
| 4 | دەبێت شوشەی **دەرمان** پاك بێت. | دیارخەری ناو |
| 5 | سەرداری **وانە** نفیشی. | بەرکار |
| 6 | کوڕی سەرداری **پزیشکــە**. | تەواوکەری کاری ناتەواو |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 90، وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | **پەپولەکان** ڕەنگاوڕەنگن. | نیهاد،  بکەر،  بەرکار |
| 2 | هێمنم لە **کتێبخانە** بینی. | بەرکار،  تەواوکەری بەیاریدە،  دیارخەری ناو |
| 3 | لوتکەی **هەڵگورد** بەرزە. | نیهاد،  بەرکار،  دیارخەری ناو |
| 4 | **چیرۆکەکە**ی خوێندەوە. | بکەر،  نیهاد،  بەرکار |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 90، بە ڕستە نموونەی بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بهێنەرەوە:**

| ژ | داواکاری | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ناوێکی تایبەتی ببێتە **نیهاد** | **ئازاد** خوێندکار بوو. |
| 2 | ناوێکی گشتی ببێتە **تەواوکەری بەیاریدە** | نامەکەم **بە دەست** نووسی. |
| 3 | ناوێکی گشتی وەکو **بەرکار** هاتبێت. | پشیلە **گۆشت** دەخوات. |
| 4 | ناوێکی تایبەتی ببێتە **تەواوکەری کاری ناتەواو** | ئەوە **ئارام** بوو. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 90، ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:**

**یەکەم/ کچا لەزگینی مامۆستایە.**

کچ: ناوە، تاکە، گشتییە، دیارخراوە.

ا: ئامرازی خستنەسەرە.

لەزگین: ناوە، تایبەتیە، دیارخەرە.

ی: نیشانەی نێرە

کچا لەزگینی: گرێی ناوییە نیهادە.

مامۆستا: ناوە، تاکە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

ی: ناوبەندە.    ە: کاری ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم/ هەڤاڵم لە هەڵەبجە دیت.**

هەڤاڵ: ناوە، تاکە، تایبەتییە، بەرکارە.

م/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

لە: ئامرازی پەیوەندی.

هەڵەبجە: ناوە، تایبەتییە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە

دیت: کاری ڕابردووی تێپەرە.

## جێناوی کەسی سەربەخۆ
## ( شێوەزاری کرمانجی خواروو )

نیشتیمان ئێمەی لەباوەشی خۆی گرتووە و لە ژێر سێبەریدا، من و تۆ بەخۆشی و شادییەوە دەژین، کوردستان وڵاتی دێرینی کوردە، باوباپیرانی هەموومان، زادەی ئەم خاکە پیرۆزەن، ئەوان هەر لەبەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستاندا دێ و گوندیان ئاوەدانکردەوە و بە چاندن و کشتوکاڵەوە خۆیان خەریك کردووە، لە مێژووی کوردستاندا پیاوی مەزن و پاڵەوان زۆرن، کاوەی ئاسنگەر نموونەی تێکۆشەری چەوساوەی میللەتەکەمانە، ئەو بە بازووی پۆڵاین، بە باوەڕی پڕ هێزی، شیا تەخت و بەختی زوحاکی دکتاکۆر سەرنگون بکات، ئێوە پێویستە شارەزای پاڵەوانانی مێژووی گەلی خۆتان بن و ئەوان بکەن بە نموونە و بە پێشڕەو بۆ خۆتان).

**جێناوی کەسی سەربەخۆ:** ئەو وشانەن کە سەربەخۆ دهێنە گۆتن و نووسین، واتای کەسەکە یان کەسەکان نیشاندەدەن و پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە ڕووندەکەنەوە، واتاکانیشیان ئاشکرایە، لە ئاخاوتنەو نووسیندا شوێنی کەسی (یەکەم، دووەم و سێیەم) بە تاك و کۆوە دەگرنەوە.

**جێناوی کەسی سەربەخۆ لە شێوەزاری ( کرمانجی خوارووودا ):**

| ژ | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | من | ئێمە |
| کەسی دووەم | تۆ | ئێوە |
| کەسی سێیەم | ئەو | ئەوان |

| ژ | جێناوی کەسی سەربەخۆ | ژمارە و جۆری کەس | نموونە |
|---|---|---|---|
| 1 | من | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك | من دەچم بۆ قوتابخانە. |
| 2 | تۆ | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك | تۆ دەچیت بۆ قوتابخانە. |
| 3 | ئەو | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك | ئەو دەچێت بۆ قوتابخانە. |
| 4 | ئێمە | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە دەچین بۆ قوتابخانە. |
| 5 | ئێوە | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی کۆ | ئێوە دەچن بۆ قوتابخانە. |
| 6 | ئەوان | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان دەچن بۆ قوتابخانە. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 94، جێناوێکی کەسی سەربەخۆ لەسەرەتای ئەم ڕستانەوە دابنێ:**

| ژ | ڕستە | ڕستە (جێناوی کەسی سەربەخۆ) |
|---|---|---|
| 1 | پێمواية ئەم ساڵ هەمووتان دەردەچن. | من پێمواية ئەم ساڵ هەمووتان دەردەچن. |
| 2 | کارەکان بە پوختی جێبەجێدەکەین. | ئێمە کارەکان بە پوختی جێبەجێدەکەین. |
| 3 | هەموو ڕۆژێك بەیانیان زۆر زوو لەخەو ڕادەبیت. | تۆ هەموو ڕۆژێك بەیانیان زۆر زوو لەخەو ڕادەبیت. |
| 4 | خۆمان دەزانین کاروباری وڵاتەکەمان بەڕێوەببەین. | ئێمە خۆمان دەزانین کاروباری وڵاتەکەمان بەڕێوەببەین. |
| 5 | کەی بە ئاواتی دێرینی خۆتان دەگەن؟ | ئێوە کەی بە ئاواتی دێرینی خۆتان دەگەن؟ |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 94، لەم ڕستەیەدا، جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە تاکەوە بگۆڕە بە کۆ:**

پرسیار/ من لە هەموو کەس زیاتر سودی تۆم دەوێت.

وەڵام/ ئیمە لە هەموو کەس زیاتر سودی ئێوەمان دەوێت.

هەواڵنامەی کێبڕ

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 94، لەم ڕستانەدا جێناوی کەسی سەربەخۆی ڕاست هەڵبژێرە:**

| ژ | ڕستە | هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| 1 | (من، ئەو) ئارەزووی گەشت و گوزار دەکات. | ئەو ئارەزووی گەشت و گوزار دەکات. |
| 2 | (ئەوان، ئێمە) بە فڕۆکە دەچین بۆ پاریس. | ئێمە بە فڕۆکە دەچین بۆ پاریس. |
| 3 | (تۆ، ئێوە) بخوێنن تا بە ئاوات دەگەن. | ئێوە بخوێنن تا بە ئاوات دەگەن. |
| 4 | (من ، ئەوان) چاویان بە ئێوە کەوت. | ئەوان چاویان بە ئێوە کەوت. |
| 5 | (ئەو، تۆ) پیاوی دوارۆژە. | ئەو پیاوی دوارۆژە. |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 95، جێناوە سەربەخۆکان دەربهێنەوە ئەرکیان دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | ئەرك |
|---|---|---|
| 1 | ئێمە نەوەی دوارۆژین. | نیهاد |
| 2 | کتێبەکەم لە ئەو وەرگرت. | تەواوکەری بەیاریدە |
| 3 | وڵاتی من خۆشەویستە. | دیارخەری ناوە |
| 4 | ئەوان ڕۆیشتبوون. | بکەر |
| 5 | مامۆستا ئێمەی خەڵاتکرد. | بەرکارە |

## جێناوی کەسی سەربەخۆ
## (شێوەزاری کرمانجی ژووروو کۆمەڵەی یەکەم)

| ژ | ڕستە |
|---|---|
| 1 | من سێڤەك خار. |
| 2 | مە ئاگرێ نەورۆزێ لسەرێ چیایا هەلکر. |
| 3 | تە نامە بۆ هەڤاڵێ خۆ نڤیسی. |
| 4 | وە خەبات ژ بۆ ئازادیێ و سەرفرازیێ کر. |
| 5 | وی بارەك ترێ برە دهۆکێ. |
| 6 | وێ گەلەك چیرۆکێن کوردی بۆ مە گۆتن. |
| 7 | وان ڕێزمانا کوردی خاند. |

جێناوی کەسی سەربەخۆ لە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو)دا: لە جێی ناوی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بەکاردێن کە کارەکان دەکەن، یان کارەکەیان دەدرێتە پاڵ، لە باری ئەرێی و نەرێدا بەکاردێت.

**لە جێناوی کەسی سەربەخۆ کۆمەڵەی یەکەم، لە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو)دا:**

| ژمارەی کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | من | مە |
| کەسی دووەم | تە | وە |
| کەسی سێیەم | وی (بۆ نێر) – وێ (بۆ مێ) | وان |

| ژ | جێناوی کەسی سەربەخۆ | ژمارە و جۆری کەس | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | من | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك | من سێڤ خار. |
| 2 | تە | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك | تە بارەك ترێ برە دهۆکێ. |
| 3 | وی – وێ | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك | وی – وێ نان خار. |
| 4 | مە | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ | مە نامەك ژ بۆ هەڤاڵێ خۆ نڤیسی. |
| 5 | وە | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی کۆ | وە ڕێزمانان کوردی خاند. |
| 6 | وان | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی کۆ | وان هۆزان ژ بۆ هەڤاڵێ خۆ گوت. |

هەواڵنامەی کتێب

**لە جێناوی کەسی سەربەخۆ کۆمەڵەی یەکەم، لە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو)دا، لەگەڵ ئەم کارانەدا بەکاردێت:**

**یەکەم/ لەگەڵ کاری (هەبوون)، لە ڕابردوو ڕانەبردوودا:**

| ژ | ڕانەبردوو ئەریٚ | ڕانەبردوو نەریٚ | ژ | ڕابردوو ئەریٚ | ڕابردوو نەریٚ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | من کوڤار هەیە. | من گوڤار نییە (نینە). | 1 | من گوڤار هەبوو. | من گوڤار نەبوو. |
| 2 | مە گوڤار هەیە. | مە گوڤار نییە (نینە) | 2 | مە گوڤار هەبوو. | مە گوڤار نەبوو. |
| 3 | تە گوڤار هەیە. | تە گوڤار نییە (نینە). | 3 | تە گوڤار هەبوو. | تە گوڤار نەبوو. |
| 4 | وە گوڤار هەیە. | وە گوڤار نییە (نینە). | 4 | وە گوڤار هەبوو. | وە گوڤار نییە (نینە). |
| 5 | وی - ویٚ گوڤار هەیە. | وی - ویٚ گوڤار نییە (نینە). | 5 | وی - ویٚ گوڤار هەبوو. | وی - ویٚ گوڤار نەبوو. |
| 6 | وان گوڤار هەیە. | وان گوڤار نییە (نینە). | 6 | وان گوڤار هەبوو. | وان گوڤار نەبوو. |

**دووەم/ لەگەڵ چاوگی (ویستن – ڤیان)دا، بەکاردێ بە ئەریٚ و نەرێوە:**

| ژ | ڕابردوو ئەریٚ | ڕابردوو نەریٚ | ژ | ڕانەبردوو ئەریٚ | ڕانەبردوو نەریٚ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | من گۆڤار ڤیا. | من گۆڤار نەڤیا. | 1 | من گۆڤار دڤێت. | من گۆڤار نەڤێت. |
| 2 | مە گۆڤار ڤیا. | مە گۆڤار نەڤیا. | 2 | مە گۆڤار دڤێت. | مە گۆڤار نەڤێت. |
| 3 | تە گۆڤار ڤیا. | تە گۆڤار نەڤیا. | 3 | تە گۆڤار دڤێت. | تە گۆڤار نەڤێت. |
| 4 | وە گۆڤار ڤیا. | وە گۆڤار نەڤیا. | 4 | وە گۆڤار دڤێت. | وە گۆڤار نەڤێت. |
| 5 | وی - ویٚ گۆڤار ڤیا. | وی - ویٚ گۆڤار نەڤیا. | 5 | وی - ویٚ گۆڤار دڤێت. | وی - ویٚ گۆڤار نەڤێت. |
| 6 | وان گۆڤار ڤیا. | وان گۆڤار نەڤیا. | 6 | وان گۆڤار دڤێت. | وان گۆڤار نەڤێت. |

**سێیەم/ لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ (نزیك، تەواو، بەردەوام، دوور) و (ئەریٚ و نەریٚ)دا بەکاردێت:**

| ژ | کاری ڕابردووی نزیك (تێپەڕ) | | کاری ڕابردووی تەواو (تێپەڕ) | | کاری ڕابردووی (بەردەوام) | | کاری ڕابردووی دوور (تێپەڕ) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەریٚ | نەریٚ | ئەریٚ | نەریٚ | ئەریٚ | نەریٚ | ئەریٚ | نەریٚ |
| 1 | من نان کرِی. | من نان نەکرِی | من نان کرِییە. | من نان نەکرِییە. | من نان دکرِی. | من نان نەدکرِی. | من نان کرِیبوو. | من نان نەکرِیبوو |
| 2 | مە نان کرِی. | مە نان نەکرِی | مە نان کرِییە. | مە نان نەکرِییە. | مە نان دکرِی. | مە نان نەدکرِی. | مە نان کرِیبوو. | مە نان نەکرِیبوو |
| 3 | تە نان کرِی. | تە نان نەکرِی | تە نان کرِییە. | تە نان نەکرِییە. | تە نان دکرِی. | تە نان نەدکرِی. | تە نان کرِیبوو. | تە نان نەکرِیبوو |
| 4 | وە نان کرِی. | وە نان نەکرِی | وە نان کرِییە. | وە نان نەکرِییە. | وە نان دکرِی. | وە نان نەدکرِی. | وە نان کرِیبوو. | وە نان نەکرِیبوو |
| 5 | وی-ویٚ نان کرِی. | وی-ویٚ نان نەکرِی | وی-ویٚ نان کرِییە. | وی-ویٚ نان نەکرِییە | وی-ویٚ نان دکرِی. | وی-ویٚ نان نەدکرِی. | وی-ویٚ نان کرِیبوو. | وی-ویٚ نان نەکرِیبوو |
| 6 | وان نان کرِی. | وان نان نەکرِی | وان نان کرِییە. | وان نان نەکرِییە. | وان نان دکرِی. | وان نان نەدکرِی. | وان نان کرِیبوو. | وان نان نەکرِیبوو |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 99، ئەڤ ڕستەیا ژێری دگەل هەمی جێناڤێت کەسی سەربەخۆ بەکاربینە:**

| ژ | جێناو | من هەندەك پارە ژ برایێ خۆ یێ مەزن ستاند. |
|---|---|---|
| 1 | من | من هەندەك پارە ژ برایێ خۆ یێ مەزن ستاند. |
| 2 | مە | مە هەندەك پارە ژ برایێت خۆ یێ مەزن ستاند. |
| 3 | تە | تە هەندەك پارە ژ برایێت خۆ یێ مەزن ستاند. |
| 4 | وە | وە هەندەك پارە ژ برایێن خۆ یێ مەزن ستاند. |
| 5 | وی - وێ | وی - وێ هەندەك پارە ژ برایێت خۆ یێ مەزن ستاند. |
| 6 | وان | وان هەندەك پارە ژ برایێن خۆ یێ مەزن ستاند. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 99، ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕە بە کۆ:**

| ژ | ڕستەی تاك | ڕستەی کۆ |
|---|---|---|
| 1 | تە ئەرکێ خۆ ب جھ ئینا. | وە ئەرکێ خۆ ب جھ ئینا. |
| 2 | من دگەل وی دەرس خاند. | مە دگەل وان دەرس خاند. |
| 3 | وێ دوهێ ئازاد دیت. | وان دوهێ ئازاد دیت. |

هەوالنامەی کتێب

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 100، شیکردنەوە:**

**یەکەم/ وی کۆترەك گرت.**

**وی**: جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەر.

**کۆترەك**: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

**گرت**: کاری ڕابردووی تێپەڕ، سادە، ئەرێیە.

**دووەم/ وان پەز چەراند.**

**وان**: جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەر.

**پەز**: ناوە، تاکە، نەناسراوە، گشتییە، بەرکارە.

**چەراند**: کاری ڕابردووی تێپەڕ، سادەیە، ئەرێیە.

## جێناوی کەسی سەربەخۆ
## (شێوەزاری کرمانجی ژووروو کۆمەڵەی دووەم)

ئازادی گۆت: (ئەز کوردم و ئەز وڵات پارێزم، تۆ ژی کوردی، ژ بەر هندێ پێدڤیە ئەم هەمی بئێك دل خزمەتا نیشتیمانێ خۆ بکەین، ئەز و تو، ئەم و هوین، پێویستە بخوێنین، چونکە وەلات تەنێ بزانست و زانیارێ پێش دکەڤیت، برایێ من ئەڤە دوو سالە ل دەرەڤەی کوردستانێیە، ئەو خواندنا پزیشکی لزانکۆیەکا بناڤ و دەنگ دخوینیت، ڤوتابیێت هەڤالێن وی زیرەکن، ئەو هەمی زانا و شارەزانە).

**دەستوور/** جێناوی کەسی سەربەخۆ کۆمەڵەی دووەم، لە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو)دا: لە جیاتی کەسێك یا ژمارە کەسێك بەکارهاتوون.

| ژ | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | ئەز | ئەم |
| کەسی دووەم | تو | هوین |
| کەسی سێیەم | ئەو | ئەو (ئەوان) |

| ژ | جێناوی کەسی سەربەخۆ | ژمارە و جۆری کەس |
|---|---|---|
| 1 | ئەز | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك |
| 2 | تو | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك |
| 3 | ئەو | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك |
| 4 | ئەم | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ |
| 5 | هوین | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی کۆ |
| 6 | ئەو | جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی کۆ |

**جێناوی کەسی سەربەخۆ کۆمەڵەی دووەم، لە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو)دا، بەم شێوەیە بەکاردێن:**

**یەکەم/ لەگەڵ کاری تێنەپەڕ (ئەرێ و نەرێ) بەکاردێت:**

| ژ | ڕابردووی تێنەپەڕ | | ڕانەبردووی تێنەپەڕ (ئێستا) | | ڕانەبردووی تێنەپەڕ (ئاینده) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | ئەرێ | ئەرێ | ئەرێ |
| 1 | ئەز هاتم. | ئەز نەهاتم. | ئەز دهێم. | ئەز ناهێم. | ئەز دێهێم. | ئەز ناهێم. |

**دووەم/ لەگەڵ چاوگی (بوون)دا، بۆ دەمی (ڕابردوو، ڕانەبردوو، لەمەولا) بە (ئەرێ و نەرێ)وە بەکاردێت:**

| ڕابردوو (بوو) | | ڕابردوو (ە) | | ڕابردوو (دەبێت) | | ڕانەبردوو (لەمەولا) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ |
| ئەز بووم. | ئەز نەبووم. | ئەزم. | ئەز نیمە (نینم) | ئەز دبم. | ئەز نابم. | ئەز دێبم. | ئەز نابم. |

**سێیەم/ لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ بۆ کاتی (ئێستا – نهۆ) و (لەمەولا – پاشی)، لە هەردوو دۆخی (ئەرێ و نەرێ)دا:**

| ڕانەبردوو تێنەپەڕ بۆ کاتی (ئێستا – نهۆ) | | ڕانەبردووی تێنەپەڕ بۆ کاتی (لەمەولا – پاشی) | |
|---|---|---|---|
| ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ |
| ئەز نان دخۆم. | ئەز نان ناخۆم. | ئەز سێڤ دێ خۆم. | ئەز سێڤ ناخۆم. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 103، جێناوی کەسی سەربەخۆ لە بۆشاییەکاندا دابنێ، هۆی بەکارهێنانی جێناوەکە ڕونبکەرەوە:**

| ژ | بۆشایی | هۆی دانانی جێناو |
|---|---|---|
| 1 | دوهێ ئەز دگەل هەڤالێ خۆ چووو بۆ فێرگەهێ. | کار ڕابردووی تێنەپەڕە. |
| 2 | من ئەڤ پێنوسە بۆ برایێ خۆ کرییە. | کار ڕابردووی تێپەڕە. |
| 3 | ئەو کچەکا زیرەك و جوانە. | کار ناتەواوە. |
| 4 | ئەز دێ نانی خۆین. | ڕانەبردووی تێپەڕە. |
| 5 | ئەم دێ دۆست و هەڤالێن خۆ لتەنگافیا بناسن. | ڕانەبردووی تێپەڕە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 103، ئەم جێناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

یەکەم/ وێ گەلەك چیرۆكێن کوردی بۆ مە گۆتن.

دووەم/ مە هاتینە ڕەواندز.

سێیەم/ ئەز کوردم.

چوارەم/ تە هۆزان بۆ هەڤالێ خۆ گوت.

پێنجەم/ هوین دێچین بۆ گوند.

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 103، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ خوشکا من زیرەکە.**

خوشك: ناوە، تاکە، نەناسراوە، گشتییە، دیارخراوە.

ا: ئامرازی خستنەسەر، بۆ تاکی مێ.

من: جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی تاك، دیارخەرە.

خوشکا من: گرێی ناوییە، نیهادە.

زیرەك: هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

ە: کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا، ئەرێیە.

**دووەم/ بابێ وی هات.**

باب: ناوە، تاکە، نەناسراوە، گشتییە، دیارخراوە.

ێ: ئامرازە خستنەسەر، بۆ تاکی نێر.

وی: جێناوی کەسی سەربەخۆیە، بۆ کەسی سێیەمی تاك، دیارخەرە.

بابێ وی: گرێی ناوییە، بکەرە.

هات. کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، سادە.

هەولێرنامەی کتێب

# چــــاوگ

| ژ | چاوڤ | قەدی چاوگ | کاری ڕابردووی نزیك - ڕووت |
|---|---|---|---|
| 1 | خوێندن | خوێند | خوێند |
| 2 | بڕین | بڕی | بڕی |
| 3 | کەوتن | کەوت | کەوت |
| 4 | برژاندن | برژاند | برژاند |
| 5 | بوون | بوو | بوو |

تێبینی: چۆنێتی دروستکردنی (قەدی چاوگ) لە چاوگ، بەم شێوەیە دەبێت:

(چاوگ — ن = قەدی چاوگ یان کاری ڕابردووی نزیك - ڕووت).

**چاوگ: ڕووداو یان کردەوەیەك پیشان نادات، نادرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك، کاتی تێدانییە، سەرچاوەی دروستکردنی هەموو کارێکە.**

**لە زمانی کوردیدا، پێنج جۆر چاوگ هەیە:**

| ژ | جۆری چاوگ | چاوگ | نیشانەی چاوگ | (ن)ی چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چاوگی ئەلفی | سوتان، بڕان، دڕان | ئەلفی | ن |
| 2 | چاوگی یائی | نووسین، بڕین، دڕین | یائی | ن |
| 3 | چاوگی واوی | چوون، بوون، دروون | واوی | ن |
| 4 | چاوگی دالی | خوێندن، بردن، کردن | دالی | ن |
| 5 | چاوگی تائی | کوشتن، فرۆشتن، هاتن | تائی | ن |

**هەندێك سەرنج و تێبینی:**

**یەکەم/ مەرج نییە هەر وشەیەك بە پیتی (ن) کۆتایی بێت، ببێتە چاوگ:** چەند نموونەیەك دێنین، بە پیتی (ن) کۆتاییان دێت و چاوگ نین: وەکو (هەورامان، جیهان، پەخشان، نازەنین، دارستان، گۆڕستان، کوردستان ......)، ئەم وشانە ناون، نابن بە چاوگ، چونکە چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی کارە.

**دووەم/ چاوگی (دالی) لە کرمانجی ژووروودا، پیتی (د)ەکەی ناوترێت و نانووسرێت: نموونە:**

| چاوگی دالی لە کرمانجی خواروودا | چاوگی دالی لە کرمانجی ژووروودا |
|---|---|
| کردن، بردن، مردن، خواردن | کرن، برن، مرن، خارن |

**سێیەم/ هەندێك چاوگ هەیە، بە بێ پاشگری (ەوە) مانا نابەخشن، نموونە:**

| چاوگ | چاوگ + ەوە |
|---|---|
| ڕشان، کولان، پاڕان، حەسان، خولان | ڕشانەوە، کولانەوە، پاڕانەوە، حەسانەوە، خولانەوە |

**جیاوازی چاوگ و کار:**

| ژ | چاوگ | کار |
|---|---|---|
| 1 | چاوگ سەرچاوەی درووستکردنی کارە. | کار لە چاوگ دروستدەکرێت. |
| 2 | لە چاوگدا کار و کردەوەی تێدانیە. | کار: کار و کردەوەی تێدایە. |
| 3 | نادرێتە پاڵ کەس. | دەدرێتە پاڵ کەسێك، واتە: کەسێك کارەکە ئەنجامدەدات. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 106، چەند جۆر چاوگمان هەیە، بۆ هەر جۆرێکیان دوو نمونە بنووسە.**

| ژ | جۆری چاوگ | نموونە | |
|---|---|---|---|
| 1 | چاوگی ئەلفی | برژان | قرتان |
| 2 | چاوگی واوی | گروون | فێربوون |
| 3 | چاوگی یائی | درین | فرین |
| 4 | چاوگی دالی | کردن | بردن |
| 5 | چاوگی تائی | خستن | ڕاگرتن |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 106، لەم وشانەی خوارەوەدا چاوگەکان دەربهێنە:**

| ژ | چاوگ | ناو |
|---|---|---|
| 1 | کێشان | هەورامان |
| 2 | برژان | جیهان |
| 3 | کردن | سەربان |
| 4 | نووستن | نازەنین |
| 5 | برین | پەخشان |
| 6 | دروون | |
| 7 | چوون | |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 106، ئەمانەی خوارەوە ئەگە ڕاستن، بەرامبەریان بنووسە (ڕاست)، ئەگەر هەڵەن ڕاستی بکەرەوە:**

| ژ | ڕستە | وەڵام |
|---|---|---|
| 1 | چاوگ کردەیەکە تافێکی دیاریکراوی نییە؟ | ڕاستە |
| 2 | چاوگ و کار جیاوازیان نییە؟ | هەڵەیە، جیاوازیان هەیە. |
| 3 | هەر وشەیەك کۆتایی بە (ن) هاتبوو، ئەوا چاوگە؟ | هەڵەیە، مەرج نییە، هەر وشەیەك بە (ن) کۆتایی بیت چاوگ بێت. |
| 4 | بە لابردنی (ن)ی چاوگ، چاوگ وەك خۆی دەمێنێتەوە. | هەڵەیە، دەبێت بە (قەد) ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن. |

هەواڵنامەی کتێب

## کار لە ڕووی دەم و کاتەوە

## A- کاری ڕابردوو

مام (هێمن)ی شاعیر لە پێشەکی دیوانی (تاریك و ڕوون)دا نووسیویەتی دەڵێت:

(من بۆ خۆم لە ئەزموونی پیاوێکی دنیادیدە و کۆنساڵ کەڵکم وەرگرت، توانیم بەشێکی زۆر لە دەغڵ و دانی خۆمان لە ڕزین و زایەبوون رزگاربکەم.

بەهار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو، بەڵام بەفر ئارەقیشی نەدەکرد، ڕۆژێك چوومە مزگەوت، تەماشامکرد، پیرە پیاوێك بەتەنێ لە تەنیشت سۆبەی سارد و سڕەکە هەڵکۆڕماوە، هەرە منی دیت، گوتی: منداڵی ئەو زەمانە ئێمەی پێ خەرفاوە، گوتم: مامە گیان، چ قەوماوە؟ گوتی: بەسەری تۆ ئەوە چەند ڕۆژە، بەو کوڕانەی خۆم دەڵێم، بچن بەفری سەر ڕەپستەکەمان کون کون بکەن، گوێشم نادەنێ، گوتم: جا بۆ کون کونی بکەن؟ گوتی: بۆ تۆش نازانی؟ گوتم: نەوەڵا. گوتی: کە ساڵ درەنگ بوو، هەرد گەرم دادێ و هەڵم دەکا، بەفریش نایەڵێ هەڵمەکە بێتەدەرەوە، لە ناو خۆیدا، دەگەڕێتەوە و دەغڵەکە دەسووتێ، ئەگەر کون بکرێ، هەڵمەکەی دێتەدەرەوە و ناسوتێ، قسەی مامە پیرەم بە دڵیەوە نووسا، بەڵام کارەکە زۆر گران بوو، بەفرەکە ئەوندە ڕەق بوو، بە لۆسە کون نەدەکرا، بەڵام پاشان تێگەیشتم، پەندی پێشینان چەند ڕاستە، کە گوتویانە: (دەستی ماندوو لەسەر زکی تێرە).

**کاری ڕابردوو:** ئەوەیە کە کارێك یان ئیشێك ڕادەگەیەنێت، لە کاتی ڕابردوو، واتە بەر لە کاری ئاخاوتن، ئەنجامدراوە، کاری ڕابردوو بەم شێوەیە درووستدەکرێت:

یەکەم/ **کاری ڕابردووی نزیك ( ڕووت ):** چاوگ – (ن)ی چاوگ = کاری ڕابردووی نزیك (قەدی چاوگ)

| ژ | چاوگ | چاوگ – ن = قەدی چاوگ، ڕابردووی نزیك (ئەرێ) | نەرێ |
|---|---|---|---|
| 1 | هاتن | هات | نەهات |
| 2 | بردن | برد | نەبرد |

دووەم/ **کاری ڕابردووی تەواو:** قەدی چاوگ + ووە، وە = کاری ڕابردووی تەواو

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | نیشانەی ڕابردووی تەواو | کاری ڕابردووی تەواو (ئەرێ) | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خستن | خست | ووە | خستووە | نەخستووە |
| 2 | بردن | برد | ووە | بردووە | نەبردووە |
| 3 | هێنان | هێنا | وە | هێناوە | نەهێناوە |
| 4 | فێربوون | فێربوو | وە | فێربووە | فێرنەبووە |
| 5 | کڕین | کڕی | وە | کڕیوە | نەکڕیوە |

تێبینی/ **یەکەم**: کاری ڕابردووی تەواو ئەگەر لە (چاوگی تائی و دالی) دروستبکرێت، پێویستە (ووە)ی لەگەڵ دابنرێت، هەروەها ئەگەر کاری ڕابردووی تەواو لە چاوگی (ئەلفی، واوی، یائی) درووستبکرێت، (وە) دادەنرێت.

**دووەم**: کاری ڕابردووی تەواو لە کرمانجی ژووروودا، لەباتی (ووە) (ییە) بەکاردێت، لەباتی (وە) (یە) بەکاردێ:

نموونە: نڤیسین/ نڤیسییە،        نڤیستن/ نڤیستییە،        کرن / کریە،        خارن/ خاریە،

**سێیەم/ کاری ڕابردووی بەردەوام:**     دە   +   قەدی چاوگ   =  کاری ڕابردووی بەردەوام

| ژ | چاوگ | نیشانەی ڕابردووی بەردەوام | قەدی چاوگ | کاری ڕابردووی بەردەوام (ئەرێ) | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فێربوون | دە | فێربوو | فێردەبوو | فێرنەدەبوو |
| 2 | خوسان | دە | خوسا | دەخوسا | نەدەخوسا |
| 3 | هەڵخستن | دە | هەڵ خست | هەڵدە خست | هەڵنەدەخست |

**چوارەم/ کاری ڕابردووی دوور:**     قەدی چاوگ + بوو = کاری ڕابردووی دوور

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | نیشانەی ڕابردووی دوور | کاری ڕابردووی دوور (ئەرێ) | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەلگرتن | هەلگرت | بوو | هەلگرتبوو | هەڵ نە گرتبوو |
| 2 | گرتن | گرت | بوو | گرتبوو | نەگرتبوو |

تێبینی/ کاری ڕابردوو بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 110، ئەم ڕستانە تەواوبکە:**

| یەکەم | | دووەم | | سێیەم | | چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەز چووم | من چووم | من دەست گرتییە | من دەستم گرتووە | من دەست گرت | من دەستم گرت | ئەز هاتیمە | من هاتووم |
| تو چووی | تۆ چووی | تە دەست گرتییە | تۆ دەستت گرتووە | تە دەست گرت | تۆ دەستت گرت | تو هاتیتە | تۆ هاتووی |
| ئەو چوو | ئەو چوو | وی دەست گرتییە<br>وێ دەست گرتییە | ئەو دەستی گرتووە | وی دەست گرت<br>وێ دەست گرت | ئەو دەستی گرت | ئەو هاتییە | ئەو هاتووە |
| ئەم چووین | ئێمە چووین | مە دەست گرتینە | ئێمە دەستمان گرتووە | مە دەست گرت | ئێمە دەستمان گرت | ئەم هاتینە | ئێمە هاتووین |
| هوین چوون | ئێوە چوون | وە دەست گرتینە | ئێوە دەستتان گرتووە | وە دەست گرت | ئێوە دەستتان گرت | هوین هاتینە | ئێوە هاتوون |
| ئەو چوو | ئەوان چوون | وان دەست گرتینە | ئەوان دەستیان گرتووە | وان دەست گرت | ئەوان دەستیان گرت | ئەو هاتینە | ئەوان هاتوون |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 112، لەم ڕستانەدا کارە ڕابردووەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | کاری ڕابردوو | جۆر |
|---|---|---|---|
| 1 | کە چووم، باوکم نوستبوو. | چوو،    نووستبوو | ڕابردووی نزیک،   ڕابردووی دوور |
| 2 | هەتا نهۆ هەڤاڵێ من نەهاتییە. | نەهاتییە | ڕابردووی تەواو |
| 3 | ئازاد دیت، لە پەرتوکخانەدا دەیخوێند. | دیت،    دەیخوێند | ڕابردووی نزیک،   ڕابردووی بەردەوام |
| 4 | وێ بازنێ زێڕ کڕی. | کڕی | ڕابردووی نزیک |
| 5 | کەهاتم، ئەو نانی دەخوارد. | هات،    دەخوارد | ڕابردووی نزیک،   ڕابردووی بەردەوام |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 112، ڕستە:**

| یەکەم | | دووەم | | سێیەم | | چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەز هاتبووم | من هاتبووم | من دەست گرتبوو | من دەستم گرتبوو | ئەز دهاتم | من دەهاتم | من دەست دگرت | من دەستم دەگرت |
| تو هاتبووی | تۆ هاتبووی | تە دەست گرتبوو | تۆ دەستت گرتبوو | تو دهاتی | تۆ دەهاتی | تە دەست دگرت | تۆ دەستت دەگرت |
| ئەو هاتبوو | ئەو هاتبوو | وی دەست گرتبوو<br>وێ دەست گرتبوو | ئەو دەستی گرتبوو | ئەو دهات | ئەو دەهات | وی دەست دگرت<br>وێ دەست دگرت | ئەو دەستی دەگرت |
| ئەم هاتبووین | ئێمە هاتبووین | مە دەست گرتبوو | ئێمە دەستمان گرتبوو | ئەم دهاتین | ئێمە دەهاتین | مە دەست دگرت | ئێمە دەستمان دەگرت |
| هوین هاتبوون | ئێوە هاتبوون | وە دەست گرتبوو | ئێوە دەستتان گرتبوو | هوین دهاتن | ئێوە دەهاتن | وە دەست دگرت | ئێوە دەستتان دەگرت |
| ئەو هاتبوون | ئەوان هاتبوون | وان دەست گرتبوو | ئەوان دەستیان گرتبوو | ئەو دهاتن | ئەوان دەهاتن | وان دەست دگرت | ئەوان دەستیان دەگرت |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 114، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ سیروانی نامە نڤیسییە.**

سیروان: ناوە، تایبەتییە، بکەرە.

ی، ئامرازی ڕەگەزی نێر

نامە: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

نڤیسییە: کاری ڕابردووی تەواو، تێپەڕ.

**دووەم/ نازدارێ وانە خاند.**

نازدار: ناوە، تاکە، تایبەتیە، بکەرە.

ێ: ئامرازی ڕەگەزی مێیە

وانە: ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

خاند: کاری ڕابردووی نزیکە، تێپەڕە

**سێیەم/ باوان نووستبوو.**

باوان، ناوە، تایبەتییە، بکەرە.

نووستبوو: کاری ڕابردووی دوورە، تێنەپەڕە

## B-کاری ڕانەبردوو

مامۆستای زانست لە باسی (ئاو)دا گوتی:

(ئاو ژێدەر و سەرچاوەی ژیانە، مرۆڤ و جانەوەر و ڕووەك بە هۆی ئاوەوە دەژین، سێ بەشی گۆی زەمین، بە ئاو داپۆشراوە، ئێستا گرفتی کەمی ئاو وڵاتان نیگەران دەکات، لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتان بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئەو گرفتە چارەبکەن، لە پاشەڕۆژدا، ئاڤ دەبێتە هۆکارێکی بەهێز، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان میللەتانی جیهان، ئاو سەرچاوەی وەدەست خستنی ووزەی کارەبایە، پشکا هەرە زۆری ووزەی کارەبای هەرێمی کوردستان لە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دهێتە بەرهەم هێنان، پاش چەند ساڵێکی دیکە لە بەرهەمهێنانی وزەدا، ئاو جێی نەوت دەگرێت، لێ مەخابن، ئاوی کوردستان بەفیڕۆ دەچێت، ئەگەر کوردستان ژی خودانا بڕیارێ خۆ بووبا، ئەو سامانە گرنگە سوودی بۆ گەلی کورد دەبوو).

**کاری ڕانەبردوو: کردەوەیەك نیشاندەدات، لە کاتی ئاخاوتندا ڕوودەدات، پێیدەڵێن: (ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا - نهۆ)، یان لە دوای ئاخاوتن ڕوودەدات، پێیدەڵێن: (کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی داهاتوو - پاشی). کە لە شێوەدا هەردووکیان لە کرمانجی خوارووا لەیەك دەچن، تەنیا هاوەڵکاری کاتی جودایان دەکاتەوە.**

### کاری ڕانەبردوو لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا:

یەکەم/کاری ڕانەبردوو بۆ کات (دەم)ی ئێستا: هاوەڵکار+دە+ڕەگی کار+جێناوی لکاو=کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا

| ژ | هاوەڵکار | نیشانەی کاری ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | ڕستە کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | وا | دە | چ | م | وا بۆ خوێندنگە دەچم. (ناچم) |
| 2 | ئەوا | دە | کڕ | ین | ئەوا نان دەکڕین. (ناکڕین) |
| 3 | ئێستا | دە | خوێن | یت | ئێستا وانە دەخوێنیت. (ناخوێنێت) |

دووەم/ کاری ڕانەبردوو بۆ کات (دەم)ی داهاتوو: دە+ڕەگی کار + جێناوی لکاو = کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی داهاتوو

| ژ | نیشانەی کاری ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | ڕستە کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دە | نوو | م | لە ژوورەکە دەنووم. (نانووم) |
| 2 | دە | چێن | ین | ئێمە گوڵەکە دەچێنین. (ناچێنم) |
| 3 | دە | نووس | یت | تۆ وانەکە دەنووسیت. (نانووسیت) |

### کاری ڕانەبردوو لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا:

یەکەم/ کاری ڕانەبردوو بۆ کات (دەم)ی ئێستا (نهۆ): د+ڕەگی کار+جێناوی لکاو = کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا

| ژ | نیشانەی کاری ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | ڕستە کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د | چ | م | بۆ خاندنگەهێ دچم. (ناچم) |
| 2 | د | کر | م | نان دکڕم. (ناکڕم) |

دووەم/کاری ڕانەبردوو بۆ کات(دەم)ی ئایندە (پاشی): دی+ڕەگی کار+جێناوی لکاو=کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە

| ژ | نیشانەی کاری ڕانەبردوو | ڕەگی کار | جێناوی لکاو | ڕستە کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دێ | چ | یت | بۆ خاندنگەهێ دێ چیت. (ناچیت) |
| 2 | دێ | کر | ین | نان دێ کرین. (ناکرین) |

کاری ڕانەبردوو بە (نا) نەرێ دەکرێت.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 118، ئەم نووسینە بخوێنەرەوە، هەرچی کاری ڕابردوو هەیە، بیانکە بە ڕانەبردوو:**

(هاوین بوو، هەوا ئەوەندە گەرم ببوو، کەس نەیدەتوانی، تا ئێوارەیەکی درەنگ دەربکەوێت، میوەی هاوینە پێگەیشتبوو، بەڵام گەرما بەشێکی زۆری درەختی میوەی زەرەرمەند کردبوو، ڕۆژێکیان برادەران بڕیاریاندا بچن بۆ هاڤینگەها سوارەتووکەی، بە ئوتومبێل چووین، ئاو و هەوای ئەوێ فێنك بوو، تا ئێوارە ماینەوە، مە ڕۆژەکا زۆر خۆش دوور لە گەرما برێکر. ئاوی ساردی ئەو هاڤینگەهە، دەروونی هەموانی فێنك کردەوە).

| ژ | کاری ڕابردوو | کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|
| 1 | بوو | دەبێت |
| 2 | نەیدەتوانی | ناتوانێت |
| 3 | پێگەیشتبوو | پێدەگات |
| 4 | کردبوو | دەکات |
| 5 | بڕیاریاندا | بڕیاردەدەن |
| 6 | چووین | دەچین |
| 7 | ماینەوە | دەمێنینەوە |
| 8 | بەرێکرد | بەرێدەکەین |
| 9 | کردەوە | دەکاتەوە |
| 10 | بەرێکر | بەرێدکر |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 118، ئەم کارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە:**

| ژ | کار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | دەخوێنم | وانەکان دەخوێنم. |
| 2 | دنڤیسین | مە چیرۆك دنڤیسین. |
| 3 | دخوینم | من هۆزان دخوینم. |
| 4 | دێچن | بۆ باژێرێ ڕەواندز دێچین. |
| 5 | دەکێڵێت | جوتیار زەوی دەکێڵێت. |
| 6 | دروستدەکەن | ئێستا ئەوان خانوو دروووستدەکەن. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 118، ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە:**

**یەکەم/ ڕزگار وانێ دخوێنیت.**

ڕزگار: ناوە، تایبەتییە، بکەرە.

وانێ: ناوە، بەرکارە.

دخوێنێت: کاری ڕانەبردووە بۆ ئێستا، تێپەڕە.

ێت: جێناوی کەسی لکاو دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ بەیانی دەچین بۆ پێشانگاکە.**

بەیانی: هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری کار.

دەچین: کاری ڕانەبردووە، تێنەپەڕە.

ین: جێناوی کەسی لکاو، بکەرە.

بۆ: ئامرازی پەیوەندی.

پێشەنگاکە: ناوە، ناسراوە، تەواوکەری بەیاریدەیە.

**سێیەم/ منداڵەکە ئێستا دەخەوێت.**

منداڵەکە: ناوە، ناسراوە، بکەرە.

ئێستا: هاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری کار.

دەخەوێت: کاری ڕانەبردوو، تێنەپەڕ.

ێت: جێناوی کەسی لکاو، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

هەواڵنامەی کتێب

## C-کاری داخوازی

له وانەی زانستدا ماموٚستا گوتی:

(قوتابینه، بۆ ئەوەی لەشتان دروست بێت، پتەو و بەهێزبن، هەموو شەوێك زوو بنوون، بەیانیان ژی زوو له خەوڕابن، دەموچاوتان به ئاو و سابوون بشۆن، ئینجا نانی بەیانی بخۆن، جلك و بەرگتان لەبەربکەن و بڕۆن بۆ قوتابخانه.

ئەی قوتابی، له کاتی دیاریکراودا، له پۆلەکەت ئامادەبە، گوێ له ماموٚستا بگرە، دگەل هەڤالێن خۆ نه ئاخفە، تەماشای ئەملا و ئەولا مەکە، که تەواوبووی، یەکسەر هەرە مال، پشتی پشوودان و حەسانەوە، وانەکانت بخوێنە، ئەرکی ماڵەوە بنڤیسە، کات به فیڕۆ مەدە، هەڤالێنێ دگەل مرۆڤێن خراپ نەکە).

**کاری داخوازی:** کەسی یەکەم داوا له کەسی دووەمی تاك و کۆ دەکات، بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك، که دوای ئاخاوتن ئەنجامدەدرێت، کاری داخوازی به نیشانەی (ب) دەست پێدەکات، به جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك و جێناوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ کۆتایی دێت.

**چۆنێتی دروستکردنی کاری داخوازی: ب+ڕەگی کار+(ە)بۆ کەسی دووەمی تاك،(ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ=کاری داخوازی**

| ژ | نیشانەی کاری داخوازی | ڕەگی کار | جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ | کاری داخوازی ئەرێ | کاری داخوازی نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ب | بڕ | (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك، (ن) بۆ کەسی دوومە کۆ | ببڕە، ببڕن | مەبڕە، مەبڕن |
| 2 | ب | خوێن | (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك، (ن) بۆ کەسی دوومی کۆ | بخوێنە، بخوێنن | مەخوێنە، مەخوێنن |
| 3 | ب | نڤیس | (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك، (ن) بۆ کەسی دوومی کۆ | بنڤیسە، بنڤیسن | مەنڤیسە، مەنڤیسن |
| 4 | ب | هێن | (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك، (ن) بۆ کەسی دوومی کۆ | بهێنە، بهێنن | مەهێنە، مەهێنن |

**ئەگەر ڕەگی کار به پیتی بزوێنی (ۆ، وو، ی، ێ، ە) کۆتایی بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (ە)، دەرناکەوێت:**

| ژ | چاوگ | نیشانەی کاری داخوازی | ڕەگی کار | جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك | کاری داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خواردن | ب | خۆ | ە | بخۆØ |
| 2 | نووستن | ب | نوو | ە | بنووØ |
| 3 | ووتن | ب | ڵێ | ە | بڵێØ |
| 4 | گریان | ب | گری | ە | بگریØ |
| 5 | کردن | ب | کە | ە | بکەØ |

هەندێ نموونەی تری لەسەر کاری داخوازی: ((بخۆ، بڕۆ، بشۆ، بدروو، دابنێ، بژی........).

**تێبینی/ کاری داخوازی تەنیا به ئامرازی (مە) نەرێ دەکرێت.**

تێبینی/ ئەگەر کاری داخوازی له ڕووی دارشتنەوە داڕێژراو یان لێکدراو بێت، دەتوانرێت نیشانەی (ب)ی کاری داخوازی نەنووسرێت: نموونە: ڕابە، ڕاببە، سەرلێبدە سەرلێدە، سەرکەوە سەربکەوە، داهێنە دابهێنە)

هەولێرنامەی کوردی

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 121، کاری ئەم ڕستانە لە دۆخی (ئەریٚ)وە، بگۆڕە بۆ (نەریٚ):**

| ژ | ڕستە | کاری داخوازی نەریٚ |
|---|---|---|
| 1 | شەو درەنگ بخەوە. | مەخەوە |
| 2 | بچن بۆ مەلە کردن. | مەچن |
| 3 | نان زۆر بخۆ. | مەخۆ |
| 4 | یارمەتی ئەم پیاوە بدە. | پارمەتی مەدە |
| 5 | لاڤین بنڤە. | مەنڤە |
| 6 | زەڤی بکێڵن | مەکێڵن |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 121، لەم دێڕە هۆنراوانەدا، هەرچی کاری داخوازی هەیە، دەستنیشانی بکە.**

یەکەم/ لەخەو هەستن میللەتی کـــورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە

دووەم/ ئەی باڵندەی هەستم بە گوڕ

بفڕە بۆ نـــــاو بڵێسە و گڕ

سێیەم/ ئەی کچی ڕابە بخوێنە دا توو سەربەست هەر بژی

زوو ژ خەوتو سەرهلینە بـــــــەس بمینە بێ مژی

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی ئەدەب

یەکەم: قانع .......................... 60
دووەم: جگەرخوێن ...................... 61
سێیەم: بەختیار زێوەر ................. 62
چوارەم: سەلام ......................... 63
پێنجەم: ئەحمەد موختار جاف ........ 64
شەشەم: هێمن ........................ 65
حەوتەم: ئەحمەد نالبەند ........... 66
هەشتەم: مەلا ئەنوەری مایی .......... 67
نۆیەم: عەبدول واحید نوری ........... 68
دەیەم: ئیبراهیم ئەحمەد بلە ........... 69

هەواڵنامەی کتێب

# قـــــانع

قانع ناوی موحەممەدە کوڕی شێخ عەبدولقادری شێخ سەعیدی دۆڵاشی مەریوانە، لە پازدەی ئەیلولی ساڵی 1898ز لە گوندی ڕیشێن لەدایکبووە، قانع لە تەمەنی چل ڕۆژیدابوو باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی دوو ساڵان دایکیشی کۆچیدوایی کردووە، قانع هەر لە منداڵییەوە تووشی دەربەدەری بووە، هەر لەو کاتەوە تێکەڵ بە ئێش و ئازار و برسێتی نەتەوەکەی بووە، بەهۆی خزمێکییەوە دەچێتە حوجرەی مزگەوت و دەست بە خوێندن دەکات، بەناو دێهاتەکانی مەریواندا بۆ خوێندن گەڕاوە، پاشان کەوتە گەڕان، بە شارەکانی کوردستان بۆ خوێندن سەقز، بانە، سابڵاخ، بۆکان، شنۆ، کۆیە، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن، سنە، بیارە و چەند جێگایەکی تر گەڕاوە.

ناسراوییەکی تەواوی لەگەڵ بنەماڵە ئایینییەکانی کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر، هەروەها لە خزمەت مەلای گەورەدا لە کۆیە خوێندوویەتی، بەهەر جۆرێك بوو خوێندنی مەلایەتی تەواوکرد، لە کۆماری مهاباد کاربەدەستی پەروەردە بووە، تا خۆی لە ژیاندابوو، دیوانەکانی گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هەورامان، دەشتی گەرمیانی بڵاوکردۆتەوە، لە 7-5-1965ز لە گوندی لەنگەدێ لە ناوچەی شلێر کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێ نێژرا، پاش مردنیشی لە ساڵی 1970ز پاشمەرگەی قانع بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی 1974ز بەشێك لە شیعرەکانی بڵاوکراوەتەوە بە ناوی نامەی قانع، هەروەها لە ساڵی 1979 شیعرەکانی بڵاوکراوەتەوە بە ناوی دیوانی قانع.

قانع لەسەرەتای شاعیرێتیدا، بە فارسی هۆنراوەی نووسیوە، چونکە زمانی فارسی لەوسەردەمەدا باوبووە، لەپاش هەستکردن بە بیری کوردایەتی پیرۆز دەستی کردووە بە هۆنراوە گوتن بە زمانی پاکی کوردی، قانع بە شاعیری وریای لادێی کورد بەناوبانگە، شیعرەکانی خۆماڵی و ڕەوانن، لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی دووەمی جیهان قانع تێکەڵ بە ڕێبازی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەبووە، هۆنراوەکانی لە ڕووی مەبەستەوە سێ بابەتی لە خۆ گرتووە، دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتیمان پەروەری، قانع لەسەرەتای ساڵی 1963ز بەهۆی باری ئاڵۆزی ناوچەکەوە، لەگەڵ دانیشتوانی چەند دێیەکدا کۆچ دەکەن و دەچنە ئەو بەری سنوورەوە، هەر ئەو شەوە دەیگرن و دەیبەن بۆ بەندیخانەی قەجەر لە تاران و ماوەییەك لە بەندیخانەدا دەیهێڵنەوە، لە کاتی ئەو بەندییەدا، نەخۆشی زۆری بۆ دێنێ و هیوا بڕاوی ژیان دەبێت و بەم جۆرە باسی بەندیخانەکەی دەکات:

ئاخرین ماڵی ژیـــــــانم کونجی بەندیخانەیە ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێـــــوانەیە

زۆر دەمێکە چــــــــــاوەڕوانی زرزرەی زنجیر دەکەم سەیری ئەم زنجیرەکەن، وەك زیوەری شـاهانەیە

بووکی ئازادیم دەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێ ئەڵقە ئەڵقەی پێوەندم، وەك پلپلە و لەرزانەیە

# جگەرخوێن

ناڤێ وی شێخ موسا کوڕێ حەسەنی کوڕێ محەمەد یە، لە ساڵی 1903 لە گوندی حەسار کە دەکەوێتە ڕۆئاوای باژێڕی حەسەن کێف لە کوردستانی باکور لەدایکبووە. جگەر خوێن خۆی دبێژیت:

سالا هەزار و نەهسەد و سێ ئەز هاتم دنیایێ    بناڤێ سولتان شێخ موس ئەز چێ بوومە ژدایێ
هەتا بووم سێزدە ساڵی لگوندێ مە هەســاری    ژینا خــــــــوە من بۆراند پاشی ژوێ مەدا ڕێ

جگەرخوێن هێشتا بچووك بوو بابی دەمرێ، لەگەڵ دایك و خوشك و براییێن خۆ بەرەو شاری ئامودە چوون، لەوێ دایکیشی دەمرێ، لە ساڵی 1917 دەچێتە بەرخوێندن و لە 1932 تەواوی دەکات، ماوەیەك مەلایەتی کرد، دگەل کۆمەلەکا جوتیارێن کورد دچیتە پارچا دن، یا جزیرێ لە سوریا و دوو گوندان ئاڤادکەن، بە ناوی چێلەك و جەهەننەم.

جگەرخوێن پشکداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کردیە، تێکشکاندنی شۆڕشەکە بە ئاوا و شێوەیەکی دڕندانە، کارێکی مەزنی کردە سەر هەستی نەتەوایەتی شێخ مووس و برینێکی گەورەی لە دڵی وی دا پەیداکرد، لەوڕا ناسناڤێ خۆ کردە جگەرخوێن، پاش ئەم کارەساتە هەموو شیعرەکانی خۆی بۆ کوردستان تەرخانکرد.

خامەی خۆی کردووە بە خەنجەر، بۆ سینگێ دوژمن و زنگ بۆ هوشیارکردنی میللەت:

بەسە میللەت لتە شەرمە    هەتتا کەنگێ دخەودابێ    دبن دەستێن نـەیاران دە    هەژار و دیــــل و کۆلانی

پاش شۆڕشی 14ی تیرمەها 1958 دهێتە ئێراق و ماوەیەك لە ئێزگەی کوردی کار دەکات، ماوەیەك لە زانکۆی بەغدا لە کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی دەبێتە وانەبێژ. زۆربەی هەڵبەستێن وی دەربارەی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی جوتیاری کوردە، هەر لەم ڕێگایە گەلێك گرتن و بەندیی و ئازار و ئەشکەنجەی دیوە، لە 22-10-1984 لە ستۆکۆلمی پایتەختی سوید دلێ مەزنی ژ لێدانێ دەوەستێت و لە باژێری قامیشلۆ لە کوردستانی سوریا دهێتە ڤەشارتن.

بەرهەمەکانی:

یەکەم/ هەڵبەست: بریسك و پێتی، سەورا ئازادی، کیمە ئەز، ڕۆناك، زەند ئاڤێستا، شەفەق، هیڤی.

دووەم/ چیرۆك: جیم و گول پەری، ڕەشۆیێ داری، سالار و میدیا.

سێیەم/ زمان و ڕێزمان: گوتنێن پێشینان، ئاواو دەستورا زمانێ کوردی، فەرهەنگا کوردی بەرگی (1-2).

چوارەم/ چەندین بەرهەمی تری نووسیوە، پاش مردنی چاپکران وەك:

ئاشتی (هەڵبەست)، تەئریخا کوردستا بەرگی (1-2)، فۆلکلۆری کوردی، ژینە نیگەریا من، نفیسارەك لەسەر دیباجا ئەحمەدێ خانی

**شام شەکرە، وەلات شیرینترە**

وەڵاتێ من تویی بووکـــــــا جیهانێ    هەمی باغ و بەهەشت و مێرگ و کانی
شە پال و شەنگ و شۆخ و ناز و گەوری    گەلەك شیرین و ڕند و پـــــــڕ جوانی
سەرێ تاجا سەلاحەدینێ کـــــــوردی    ئەنی ڕۆژە دبرجا ئاســـــــــمانی

# بەختیار زێوەر

1952 - 1908

ناوی ڕاستەقینەی فایەقە، کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد زێوەرە، لە ساڵی 1908ز لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتا وەکو هەمموو منداڵانی ئەو سەردەمە لە حوجرەی مزگەوتدا خوێندوویەتی، پاشان چۆتە قوتابخانە و پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووە، بۆتە فەرمانبەر.

لە ساڵی 1946ز کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەو لە سلێمانی کرایەوە، فایەق بێ گوێدانە تەمەن و ئەرکی ژیان و پلەی کۆمەلایەتی و شاعیرانەی بووە بە قوتابی و لە ساڵی 1948ز پۆلی سێیەمی تەواوکردووە، هەر لەو ساڵەدا بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە، تەواو بە دەست نەخۆشییەکەوە کە زووتر سەرەتای دیاربوو، پەرێشان و سەرگەردان بوو، تا لە 31-12-1952ز کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی جۆگا لە سلێمانی لە تەنیشت باوکییەوە نێژراوە، لە گەرمەی کێشەی سەختی ژیاندا خۆی ناودەنێ سەرکەوتوو لە کۆڕی نەخۆشی و زامداری و کلۆڵی دا بەرچاوی تاریك نابێ و هیوای نابڕێ، ئازار بە سەرچاوەی دروستبوونی ژیانی بەختیار و سەرکەوتن دەزانێ، پاشان ناوی خۆی دەنێ بەختیار زێوەر بەتەواوی پەیڕەوی زێوەری باوکی کردووە، بەڵکو قوتابییەکی سەرکەوتوو پێشکەوتووی ئەوە لە پەیڕەوی زانست پەروەریدا، لە ژێر باڵی ڕەشی دواکەوتوویی و نەزانی و چەپۆکی داگیرکەردا شاعیری زانست پەروەر خوێندن و فێربوون و زانست بە چەکی ڕزگاربوون دادەنێ.

هۆنراوەکانی زیاتر نیشتیمان پەروەری و دڵدارین، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێك سروودی جوان و بەناوبانگە وەك:

چەند شیرینە لام، برایینە لەخەو هەستن بەیانە، گۆیژە

**گوڵی سەربەستی**

**گوڵێك شیرینتر لە خونچەی بەهار**

**نازکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار**

**گەشتر لە دیدەی وەنـەوشەی نزار**

**گوڵێکە ناوی گوڵی ســـــەربەستی**

**مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەســـــتی**

# ســـەلام

سەلام كوڕی شێخ ئەحمەدی عازەبانییە، لە ساڵی 1892ز لە گوندی عازەبانی ناوچەی وارماوای سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە دایكبووە، زۆر ئارەزووی لە خوێندن بوو، لە تەمەنی چوارساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن، قورئان و زمانی فاسی خوێندووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا بووە كە باوكی كۆچی دوایی كردووە.

سلام ئاگاداری ڕووداوەكانی یەكەم شۆڕشی شێخ موحمودی حەفید بووە، لە ساڵی 1919. لە وەزیفەدا زۆر شوێن و جێی كردووە، وەك وارماوا، هەڵەبجە سلێمانی، بەسرە، بەغدا و حللە و شوێنانی تریش، لە 1928دا لەگەڵ چەند لاویك كۆمەڵەی زەردەشت یان دامەزراند، لە 1930 دوای كارەساتەكانی ڕۆژی ڕەشی 6ی ئەیلول لەگەڵ چەند كەسانێك بۆی دەردەچن و دەچنە گوندی پیران، لای شێخ مەحمود، هەروەها بەشداری ڕووداوەكانی ساڵی 1931ی كردووە بە فەرماندەی شێخی نەمر، لە 1954 -1955 خۆی خانەنشین كردووە. لە پێشەكی دیوانەكەیدا، كە لە 1958 لە بەغدا چاپكراوە، د. مەعروف خەزنەدار دەنووسێ و دەڵێ: سەلام زیاتر شاعیری نیشتمان و نەتەوەیە، چونكە كاتی گەنجی سەلام، نەتەوەی كورد بە دەورێكی تایبەتی تێدەپەڕی لە ژیانیدا، لە بابەت شیعرە دەروونییەكانییەوە، دەڵێ: (خەیاڵێكی ڕوونی تێدایە و شعورێكی ڕاست دەردەخا، وەكو وشەكانی لە ناخی دەروونیا بێنە دەرەوە وایە).

یەكێك لە شاكارەكانی شێخ سەلام، وەرگێڕانی چوارینەكانی خەیامە، لە فارسییەوە بۆ كوردی، كە بە ڕاستی گیانی خەیامی لە وەرگێڕانەكەدا بە تەواوەتی پاراستووە و بە باشترین وەرگێڕان دادەنرێ، سەلام لە ساڵی 1959ز لە سلێمانی كۆچیدوایی كرد و لە گردی سەیوان نێژراوە.

**وەتەن چییە؟**

**هەستە لە خەو ئەی لاوی كورد تێكۆشە بە دەست و برد**
**هاوار ئەكـــــا دایكی وەتەن واگیان ئەدا، پیادا بگەن**
**خاك و گوڵ و گـــــــــڵ و گیا شاخ و چەم و چــڵ و چیا**

## ئەحمەد موختار جاف

1935 - 1898

ئەحمەد موختار کوڕی وەسمان پاشای گەورەی عەشیرەتی جافە، لە ساڵی 1898 -1899 لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە، دایکیشی خانمی وەسمان پاشا، یەکێك بووە لە ژنە ناودارە و هەڵکەوتووەکانی کورد.

ئەحمەد موختار جاف لە تەمەنی حەفت ساڵیدا دەخرێتە بەر خوێندن، لە ساڵی 1919 – 1924 قایمقامی قەزای هەڵەبجە بووە، پاشان بووە بە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق.

ئەحمەد موختار جاف دۆست و هەڤاڵی زوربەی شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی بووە، وەك بێکەس و گۆران و سەلام و عەبدولواحید نوری و زۆری تر، لە هۆنراوەکانیدا ڕێچکەی نیشتیمانپەروەری و ئەڤینی گرتووە، هەروەها سەرەڕای هۆنراوە، پەخشانە چیرۆککێکی هەیە، بە ناوی مەسەلەی ویژدان، کە لە ساڵی 1970 لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە ڕۆژی شەشی مانگی شوباتی ساڵی 1935ز دەستێکی پیس لەسەر ڕووباری سیروان شەهیدی دەکات و دەچێتە ڕیزی نەمران.

لە خەو هەڵسن درەگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە ... هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بیکەس و مەزلووم ... بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورەی والـــــەبەرتانە

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنانتان ... هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

# هـێمن

## 1986 – 1921

هێمن ناوی سەید موحەممەد ئەمینە، کوڕی سەید حەسەنی شێخەل ئیسلامی موکرییە، لە ساڵی 1921ز لە گوندی لاچین، نزیك شاری مەهاباد لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵیدا چووەتە بەرخوێندن، سەرەتا ئەلف و بێی لای مامۆستا سەعید ناکام خوێندووە، پاشان باوکی ناردوویەتی بۆ شاری مهاباد، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی دەوڵەتی بخوێنێت، لەوێ تا پۆلی چوارەمی خوێندووە، ئینجا باوکی نادری بۆ قوتابخانەی ئایینی، لە خانەقای شێخی بورهان ماوەیەك مایەوە، بەڵام خوێندنەکەی ڕێکوپێك نەبوو، دواتر لای هەندێك مەلای تر خوێندوویەتی.

لە ساڵی 1942ز کە کۆمەڵەی ژ.ك دامەزرا، هێمن ئەندامی هەرە چالاکی ئەو کۆمەڵەیە بوو، لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەوری دیاریکراوی هەبووە، دەنگی دلێری شیعر و نووسەری باڵادەستی ئەو کۆمارەبووە، لە 18-4-1986ز کۆچی دوایی کردووە، لە مهاباد گیانی بە خاك سپاردووە.

هێمن یەکێکە لە شاعیرە بەرزەکانی کورد، لە سەدەی بیستەمدا، هۆنراوەکانی هێمن هەر لە سەرەتاوە، لە چوارچێوەی شاعیر و نووسەران دەرچووە و لە ناو خەڵکی کوردستان بڵاوبۆتەوە، لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر جێی خۆی کردۆتەوە. هۆنراوەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد کاریانکردۆتە سەری، بە تایبەتی هۆنراوەی نالی، هەروەها هۆنراوەکانی گۆران، لەسەر هێمن بێ کاریگەر نەبوون. هەستی نیشتیمان پەروەری و جوانی سروشتی کوردستان و جوانی ژن، سەرچاوەی دەری شاعیر بوون، زمانی ئەدەبی لە شیعری هێمندا، بە کوردییەکی ڕەوان و جوان و پەتییە، ئەدیب و شاعیران پێیان خۆشە و هەم نەخوێندەوارانیش لێی تێدەگەن.

هێمن هەر شاعیر نەبوو، بەڵکو پەخشان نووسێکی هەڵکەوتووبووە، وەکو لە پێشەکییەکەی دیوانی تاریك و ڕوون دەردەکەوێ، هێمن چیرۆکنووسێکی بەتوانا و گەورە بوو، لە بەرهەمە چاپکراوەکانی: تاریك و ڕوون، ناڵەی جودایی، هەواری خاڵی، ڕێزی نان بگرن. نموونەیەك لە هۆۆنراوەکانی هێمن لە دیوانی تاریك و ڕوون:

### تۆم هەر لە بیرە

لە شـــــایدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لـــــــە کـاتی پێکەنینا

لە کۆڕی مـــــــاتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لە بیرە

بە شەو تـاکو بەسەرما زاڵ دەبێ خەو
بە ڕۆژ تـاکو دووبــــــــارە دێتەوە شەو

لە کاتێکدا کـــە دەدوێنم ئەم و ئەو
ئەمن ئەی نیشتیمان تــۆم هەر لە بیرە

هەوالنامەی کتێب

# ئەحمەد نالبەند

1891 - 1963

هۆزانڤانی دەڤەری بادینانە، ناوی ئەحمەد ئەمین نالبەندە، بە ئەحمەد موخلیس دهێتە ناسین، لە ساڵی 1890-1891ز لە گوندی بامەڕنێ سەر بە قەزای ئامێدی لەدایکبووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستی بە قورئان خوێندن کردووە، بۆ خوێندن چووە بۆ ئامێدی، زاخۆ، دهۆك، گوندی بیدۆهێ لە دەڤەری بەرواری ژۆری، ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری و ناخۆشی و مشەخت بوونی بەسەربردییە، پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەبێژ و زمانزان بووە.

زۆربەی شاعیرە کۆنەکان کارێکی زۆریان لە هزر و بیر و باوەڕی نالبەند کردووە، بە تایبەتی مەلای جزری، هەر لە بەر ئەوەش بووە، وەکو شاعیرە کلاسیکییەکان زمانێکی تێکەڵ لە عەرەبی و کوردی بەکار هێناوە، نالبەندێ هۆزانڤان، هەڵبەستی بۆ ئەم مەبەستانە هۆنیوەتەوە:

یەکەم: پێهەڵدان و پێهەڵگوتن و وەسفکردن، کە نالبەند دەستێکی باڵای هەبووە لەو مەیدانەدا.

دووەم: ئەڤینی و ئەڤینداری.

سێیەم: سۆفیاتی و خواپەرستی.

چوارەم: هۆنراوەی کۆمەڵایەتی ئانکۆ جڤاکی، کە شێوەی گاڵتەوگەپ بە خۆوە دەگرێت.

پێنجەم: کرێتکردن و پێشاندانی بەرامبەرەکەی، باڵادەست بووە.

شەشەم: کوردینی و وەڵاتپارێزی.

نالبەرندێ هۆزانڤان، لە 9ی ئەیلولی ساڵی 1963ز لە گۆڕستانی گوندی خشخاشا لە دەڤەری بەرواری ژۆری نێژراوە.

دوهی سپێدێ ل سـەربانی — م جانەك دیت ژ خەو ڕابوو
ژ ماڵ دەرکەت دەرێ خانی — م تەخمین کر زولە یخا بوو
زولە یخابوو سیفەت حۆری — وەکـــــی تیرێ ژمە ڕابۆری

هەولێرنامەی کتێب

## مەلا ئەنوەرێ مایی

1962 - 1931

مەلا ئەنوەرێ مایی تۆرڤان و مێژوونووس و هۆزانڤان بوو، نیشتیمان پەروەر، وەڵاتپارێز و کورد پەروەر بوو، خەباتکار و جانفدا بوو، ناوی ئەنوەری تاهیرێ مایێ یە، لە ساڵی 1913ز لە گوندی مایێ لە ناوچەی بەرواری ژووری لە دایکبووە، تەمەنی دوو ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کرد، تەمەنی دەبێتە 6 ساڵ، هەر لە گوندی مایی دەبێ، پاشان دایکا وی، ئەوی دەنێریتە گوندی بامەڕنێ بۆ خوێندن، هەر لەو گوندە خوێندنی سەرەتایی بە دویماهی دینیت، بەڵام لەبەر دەستکورتی خوێندنی ناوەندی پێ تەواو نەبووە، ملی داوەتە خوێندنی ئایینی و بە فەقێیەتی لە زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و شوێنانی دیکەی بەسەربردووە.

لە ساڵی 1936ز ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە، لە گوندەکانی شێروان مەزن، بارزان و لە ناو عەشیرەتی هەرکی دەرسی داوە، گەلێك کاری میری کردووە، زۆر جاران تووشی ڕاونان و گرتن بووە، لە ساڵی 1946ز بۆ ماوەی 22 مانگان دەخرێتە بەندیخانەوە، یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرە کوردانەی کە پشتەڤان و هاریکاری شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 یان کردووە، ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی ئێراق بووە، دەیان گوتار و نووسینی لەسەر ئەدەب و مێژووی کورد بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، لە ساڵی 1959ز لەگەڵ وەفدێکی میللی بە سەردان چووە بۆ چینی میللی و لەوێ گوتارێکی بە نرخی لەسەر ڕەزشنبیری و مێژووی کوردان داوە، گەلێك هۆزان و گوتاری لەسەر ئەدەب و کوردان بڵاوکردۆتەوە، لە ڕۆژی 22ی حوزەیرانی ساڵی 1962ز لە لە شۆڕشی بەرەڤانی لە بوونی نەتەوەی کورد شەهید دەکرێ و دەچێتە ڕیزی نەمران.

### پرسا من ژ خودێ

خوداوەندێ پاك و سەخی و میهرەبان        دلۆڤانی، هەردەم ژ بۆمە هـەمان

هەموو کـار، بدەستێ تەنەبێ شکە        چ فەرمان بکەی دێ ببیت بێ ڤەمان

دزانم دگەل کـــــەس تەنینە چوکین        دزانم ژبۆ هەر کەسەك توی خودان

هەولێر کتێب

# عەبدول واحید نوری

1944 - 1904

نووسەر ناوی عەبدولواحید مەجیدە، لە چەمچەماڵ، لە ساڵی 1904ز لەدایکبووە، هێشتا هەر منداڵ بووە، باوکی کۆچیدوایی کردووە، لە ناز و خۆشەویستی باوکی بێبەشبووە، بەڵام خاڵی نەیهێشتووە بێ باوکی پێوەدیاربێ و دەستی بەسەریدا هێناوە و لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا جیای نەکردۆتەوە، خستویەتییە بەرخوێندن تا بووە بە مامۆستا.

یەکەمجار لە هەڵەبجە دامەزراوە، کە گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی پاش ماوەیەك بووە بە جێگری سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لە دواجاردا لە قوتابخانەی فەیسەلییەی سەرەتایی دەبێتە مامۆستا، هەر لەوێ دەمێنێتەوە تاکو بە نەخۆشی سیل لە ڕۆژی پێنجی تەموزی ساڵی 1944ز کۆچی دوایی کردووە، گیانی پاکی بە خاك سپاردووە.

مامۆستا عەبدولواحید بەرامبەر بەو هەموو چاکەیەی خاڵی نوری عەلی لەگەڵیدا کردووە، هەموو نوسینەکانی بە ناوی ع.و. نوری واتە: عەبدولواحید نوری نووسیوە، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناوبانگی دەرکردووە، مامۆستا عەبدولواحید نوری مامۆستایەکی نموونەی ڕاستەقینە بووە، دڵسۆزبووە بۆ قوتابییەکانی، پەروەردەی دەکردن بۆ ژیان، بۆ دواڕۆژێکی پڕ لە کامەرانی، بە مامۆستایی گەلێك کەسی بە بیری نیشتیمان پەروەری و پێشکەوتنخواز پەروەردە کرد، لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەیە کە بیری پێشکەوتنخوازییان لە ناو کورددا بڵاوکردۆتەوە. نووسەرێکی مەزن بوو، تێکۆشەرێکی کورد بوو، لە زۆر مەیدادا خزمەتی کوردی کردووە، لەو ماوە کورتەی ژیانیدا گەلێك کتێب و ناملیکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە.

بۆ لاوانی	بەرزیی کورد، ع.و. نوری لە گەلاوێژی ژمارە (5-6) ساڵی 1، بڵاوکردۆتەوە.

لاوان! چونکی ئێوە هەوێنی ژیانی دواڕۆژمانن، هەموو هاوارێکم بۆ ئێوەیە، هەموو ئەبینن چۆن گەلاوێژ تەقەلا ئەدا، کە کوردی بەرز بکاتەوە، جوان ئەو نووسینانەتان خوێندۆتەوە!

## ئیبراهیم ئەحمەد ( بلە )

2000 - 1915

ساڵی 1915 لە سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی 1937 لە بەغدا کۆلێجی یاسای تەواوکردووە، دوایی بۆتە دادوەر، ئەو ساڵەی کۆلێجی مافی تەواوکرد، نامیلکەیەکی بەناوی (الاکراد والعرب) بڵاوکردەوە، کەباس لە پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوە و ئاسۆی هاوکاریان دەکات.

لە نێوان ساڵانی 1939 – 1949 بە هاوکاری خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی گۆڤاری گەلاوێژ یان دەرکردووە، ئەو گۆڤارە سەردەمێکی زێرینی لە ژیانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کوردیدا هێنایە پێشەوە، زمانی کوردیشی لە دڕك و داڵ پاککردەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد یەکێکە لە پەخشان نووسە هەرە دیارەکانی کورد و ڕووداوی ناڵەباری خۆماڵی، چەوساوە و هەژاران، نرکە و ڕاپەرینی جوتیاران، ڕەوشی ڕامیاری، ژیانی پرلەمەینەتی ژنانی کورد و کۆڕی خەبات، سیمای هەرە دیاری ناو چیرۆك و ڕۆمان و پەخشانەکانی ئەم کەڵە نووسەرەن.

لە شیعریشدا، شیعری جوان و پڕواتای هەیە، یادگار و هیوا لە پارچە شیعرە هەرە بەرزەکانی ئەم نووسەرەن، ئیبراهیم ئەحمەد بەهۆی هەستی نەتەوایەتی و چالاکی ڕامیارییەوە، لە ساڵی 1949 ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کراوە، بەهۆی ئەم گرتنەش، چرای گەلاوێژ کوژایەوە. واتە: گۆڤاری گەلاوێژ لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە داخرا.

ئیبراهیم ئەحمەد جگە لە چیرۆك پەخشان و شیعر و وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسێکی بەتواناش بوو، ساڵی 1958 خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات بووە.

لەبەرهەمەکانی کۆمەڵە چیرۆکی کوێرەوەری، لە ڕۆمانەکانی ڕۆمانی ژانی گەل و دڕك و گوڵی بەچاپ گەیاندووە، ماوەیەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە 8-4-2000دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

**بەرەو ڕووناکی**

**لەنـــــــــــــــــاوجەرگەی تاریکییەوە**

**دەست بە کەلەپچە و تەوق لە مل و زنجیر لە پێ**

**لـــــــە کانگای نەزانیی و هەژاریی و دیلییەوە**

**کەوتوومــە ڕێ، هاتووم، ئەڕۆم، بەرەو ڕووناکی**